ئاسۆی ئەدەب
١٢
پاشکۆیەکی ئەدەبییە دووهەفتە جارێک ڕۆژنامەی ئاسۆ دەریدەکات
www.xendan.org





ئەدۆنیس و شەوقی عبدالامیر
دەربارەی شاعیرییەتی
شێرکۆ بێکەس دەدوێن..ل٧

ئاسۆ ١٤٦٨ سێشەممە ٢٠١١/٥/١٧



# پەڕینەوە بەرەو بێزاریی و یاخیبوون

* ئێستا کچێک نیشتمانمە
بەختیار عەلی، شێرزاد حەسەن، هیوا قادر، کەریم دەشتی
دەربارەی نوێترین چامەی بڵاوەکراوەی شێرکۆ بێکەس دەدوێن



# وتەیەک

بەشێکی زۆر لە (دەقە) دێرینەکانم، لە «دەربەندی پەپوولە»ەوە تا ئەگاتە سەر «ملوانکە»، دەقی کراوەن. بەو مانایەی لە ڕووی هونەرییەوە ئاوێتەیەکن لە شیعرو پەخشانو هەندێجار شانۆنامەو ڕەگەزی جیا جیای ئەدەبین. لەڕاستیدا ئەم جۆرە فۆڕمە ڕووبەرێکی فراوان لە زمان ئەخاتە بەردەمی شاعیر بۆ ئەوەی زۆر ئازادانەتر هاتوچۆی تێدا بکات یان وەک ئەڵێن «ئەسپی خۆی تێدا تاو بدات».

لەڕاستیدا ئەم جۆرە «قەسیدە گشتگیرانە» سەر بە زۆر تەلاندا ئەکەنو گەشتەکانیان لە سنوورێکی دیاری کراودا گیرناخۆن. سەرەتاو کۆتاییان تێکەڵ بە یەکتر ئەبن، بەجۆرێکی تر ئەبنە بارنەیەکی گەورە. ئەوەندەی من بزانم لەم جۆرە تێکستانەدا «گێڕانەوەی شیعری»زمانی جۆرێک لە —حیکایەت خوانیـ دیارو زاڵن. لەبەر درێژی هەناسەکان جۆرێک لە «پشوودان» لەنێو ژانرە جیاوازەکاندا وێستگەی ڕەنگینی دروست ئەکەن. ئەمە تا ڕاددەیەک ئەبێتە شێوەیەک لە شێوەکانی ڕۆمان نووسین، بەڵام لە فەزایەکی شیعریدا.

«گێڕانەوە» چەندین باڵ بۆ فرە دەنگی، دراما نووسین، ئەخوڵقێنیێ. لە دوای «ملوانکە»ەوە، جۆرێک لە «دابڕان» بۆ ماوەیەک لە نووسینی ئەم تێکستە درێژانە ڕوویدا، ئەمەیش بەو مانایەی هێشتا «پڕنەبووبوومەوە» لە ڕووباری هەناسە درێژەکان. چاوەڕوان بووم. تا ڕۆژێک لە ڕۆژەکانی هاوینی ٢٠٠٩ سەرەتایەک دەستی پێکردو بەڵام ئیتر وەستامو نەچوومەوە سەری تا سەرەتای ٢٠١٠، وەلێ لێرەدا «نەچوونەوە سەر» بەو مانایە نا، خەیاڵیشم بەجێبێڵم، چونکە من هەمیشە لەناو خەیاڵی خۆمدا شتێک «ئەنووسم تا وردە وردە پەنگ خواردنەوەی زیاتر» ئەبێو دواجار ناچارم ئەکا دەست بدەمە قەڵەمو بنووسم.

«ئێستا کچێک نیشتمانە» بەچەند قۆناغێک گەیشتە کامڵ بوون. پێشم باشبوو بەر لە خوێندنەوەو تۆمارکردنو چاپکردنی نیشانی هەندێ لە هاوڕێ نزیکەکانمو ئەو نووسەرو ڕووناکبیرانەی بدەم کە ئەمڕۆ لە ئەدەبو کولتووری ئێمەدا ناونو ناسراونو جێدەستیان دیارە.

«ئێستا کچێک نیشتمانە» کتێبی بێزاربوونی گەنجێکی ئەم ڕۆژگارەیە. وەڕسبوون لە هەموو شتێکی نیشتمان. لە هەموو گەمە ناشیرینەکان. کتێبی چاوەڕوانییە نائومێدەکان، کتێبی خەونە کوژراوەکان.

لەڕاستیدا ئەوەی ئەم بەرهەمە لە هەموو بەرهەمەکانی ترم جیادەکاتەوە ئەوەیە: کە چیتر نیشتمانو مەسەلە پیرۆزەکان بە موقەدەسی نامێننەوە. یاخی بوونە لە ئێستاو ڕابردووی خۆم، دەسبەردانە لەو نیشتمانەی کە پێشتر هەموو وزەو ڕۆحێکی خۆم پێ بەخشیبوو. بە کورتی جۆرێکە لە هەڵوەشاندنەوەی هەموو پێکهاتەکانی خۆم.

لەم دەقەدا، درێوییەکانی نیشتمان، وەک چەندەها دومەڵی پیس بە ڕووخساری ئەم نیشتمانەوە دەرئەکەون. هیچ جۆرە پاساوێک نامێنێتەوە بۆ ئەوەی شەفاعەت بۆ تاوانەکان بکات. نیشتمان وەک ڕەمزێکی موقەدەس کۆتایی پێدێت. دیارە ئەمە بەپێچەوانەی بەشێکی زۆری تێکستەکانی ترمەوەیە کە نیشتمان لەناویاندا هەمیشە ڕووخسارێکی جوانو پاک بووە. من ئەمجارەو لەم بەرهەمەدا، لە ئەسپێکی تووڕەو چەموشو یاخی ئەچم کە کەس نەتوانێ جڵەوی بکات.

«کامەران»و «ڕۆزانا»لەم دەقەدا بریتین لە مێژووی نۆزدە ساڵی ڕابوردووی پڕ لە نائومێدیو هەژاریو وەڕسبوون. لە چاوەڕوانییەکی بێهوودە. لەم تێکستەدا هەموو شتێک دێتە زمان، لە بوولبوولی باخچەیەکەوە تا ئەگاتە سەر دیواری ماڵانو گوارەی گوێچکەی خوشکە قەیرەکانی «کامەران»، هەموو شتێ هاوارو ناڵە ناڵێتی. من پێموایە ئەم دەقە باڵا ئاوێنەی ئێستای ئەم سەردەمەی کوردستانەو بەتایبەتی شاری سلێمانییە.

دەقەکە لە دوو بەش پێکهاتووە: بەشی یەکەم دنیاکەی دنیایەکی تاریکو پڕ پڕ لە بێزارییو وەڕسبوون. لە بەشی دووەمدا ڕووناکییەک لە ڕێی ڕۆزاناوە ئەکەوێتە ناو دەقەکەوە. لە کۆتایی بەشی یەکەمدا «کامەران» دەسبەرداری نیشتمانو باوکە گەوجەکەی ئەبێتو چوون چاویلکەیەکی شکاو و کۆن فڕێی ئەداتو لە بەشی دووەمدا «ڕۆزانا» ئەکات بە نیشتمانی خۆی.

وەک ئەزانن ژیانو مێژووی ئێمە بریتی بووەو بریتییە لە زنجیرەیەک تراژیدیا کە هەندێجاریش چوونیەک تەنها بە ڕواڵەت جیاواز دوبارە ئەبنەوە. لەم دەقەدا ویستوومە لە «شێرکۆ»ی جاران جیابمەوە. ویستومە بچمە ناو ناخو دڵو دەروونی گەنجێکی وڵاتەکەمەوە. کە هەموو ڕۆژێ نائومێدی ئەکەنو هەموو ڕۆژێ ئایندەی لەبەرچاو ڕەش ئەکەن.

دیسانەوە هەوڵمداوە هەر لەم دەقەدا پەنا ئەبەمەوە بەر (بەمرۆڤکردنی شتەکان، شتە بێ گیانەکان)، هەوڵمداوە درەخت بدوێ، دیوار، کێڵگە، باڵدار، بوولبوول، کیسەڵ، مەترەی ئەرز پێوانو هەموو ئەو شتانەی دەوروبەرمان ئەوانیش بێزاری خۆیان دەربڕن.

بە کورتی بەلای خۆمەوە —ئەمە دەقی بێزاریو یاخیبوونە لە ڕۆژگارێکدا کە خەونی تیا ئەکوژرێو وەڕسبوونی تیا ئەچێنرێ— لەڕاستیدا بۆ من گرانە باس لە دەقێکی خۆم بکەمو چاکتر وایە چەمکەکانی شیکردنەوەی ئەم دەقە بۆ ڕەخنەگرانی شارەزا بەجێبێڵم.

**شێرکۆ بێکەس**
**سلێمانی/٢٠١١/٤/٢٥**

## شارەوانی سلێمانی لە وەڵامی وەسیەتنامەکەی شێرکۆ بێکەس–دا:
# بەپێی یاسا ناتوانرێت مەزاری شێرکۆ بێکەس لە پارکی ئازادی بێت

■ ئا: پێشەوا محەمەد

**لە وەسییەتنامەیەکدا کە لە لاپەڕە ٤ دا بڵاومانکردووەتەوە، شێرکۆ بێکەس-ی شاعیر سەبارەت بە شوێنی ناشتنی ئاماژە بەوە دەدات کە حەزدەکات لەناو پارکی ئازادی شاری سلێمانیدا بنێژرێتو مەزارێکی بۆ بکرێت، شارەوانی سلێمانیش ڕایدەگەیەنێت ئەوان بەپێی یاسای شارەوانییەکانو یاسای وەزارەتی ئەوقافیش ناتوانن ئەو داواکارییە جێبەجێ بکەن.**

لەو وەسییەتنامەیەدا شێرکۆ بێکەس دەڵێت: «نامەوێ لە هیچ کام لەو گردو گردۆڵکانەدا بنێژرێم کە دیارنو ناویان ئەبرێ، یەکەم لەبەرئەوەی هەر هەموو پڕبوونەتەوەو دووەم لەبەرئەوەی (من حەز بەقەرەباڵغی زۆر ناکەم!!) من ئەمەوێ — ئەگەر سەرۆکی شارەوانیو ئەنجومەنی شارەوانی شارەکەم ڕێگە بداو ئەوەم پێ ڕەوا ببینن کە لە پارکی ئازادیداو بەتەنیشت مینۆمێنتەکەی شەهیدانی نوێی حوزەیرانی ١٩٦٣ی سلەیمانییەوە بمنێژن (ئەوێ خۆشترەو تەنگە نەفەسیش نابم)، من حەز ئەکەم بەمردوویش نزیکی ئەو خەڵکەو ژنو پیاوەی شارەکەمو دەنگی مۆسیقاو گۆرانیو هەڵپەڕکێو یانە جوانەکانی ئەو پارکە بم».


ئەو شاعیرە لە وەسییەتنامەکەیدا ئەوەش دەڵێت کە یەکێکی تر لە پاڵنەرەکان بۆ ئەوەی حەز بکات لەوێ بنێژرێت ئەوەیە کە ئەو پارکە سیمبوولە بۆ ئازادیو ڕووخانی دیکتاتۆرییەت.

لە وەڵامی ئەو وەسییەتنامەیەی شێرکۆ بێکەسدا، خەسرەو کەمال، سەرۆکی شارەوانی سلێمانی بە ئاسۆی ئەدەبی ڕاگەیاند کە ئەوان بەپێی یاسای شارەوانییەکانو هاوکات بەپێی یاسای ئەوقافیش ناتوانن مەزاری ئەو شاعیرە لەناو ئەو پارکەدا جێبکەنەوەو ئەو داواکارییە جێبەجێ بکەن.

خەسرەو کەمال وتی: «گومانی تیا نییە شێرکۆ بێکەس کەسێکە پێویست بە پێناسەکردن ناکات، ئەو شاعیرێکی گەورەی کوردەو بەدرێژایی مێژووی خەباتی کورد بەشداربووەو لە بواری شیعرو سرودە جوانەکانیشدا لەسەر زمانی هەموو گەنجێکی نیشتمانی وڵاتی ئێمە بووە، بۆیە من ناتوانم پێناسەی بکەم بەڵکو ئەوەی دەتوانێت ئەو کارە بکات دەبێت لە ئاستی شاعیرییەتی خۆیدا بێت.».

سەبارەت بە پرسی مەزاری شێرکۆ بێکەس لەناو پارکی ئازادیدا، وەک شاعیرێکی خاوەن مێژوویەکی دوورودرێژو نەتەوەیی، سەرۆکی شارەوانی سلێمانی وتی: «هەڵبەتە پێویستە لە ڕووی یاساییەوە لەو بابەتە بدوێم، مەزارێک لەو جێگەیە بەپێی یاساکانی ئەوقافو شارەوانیدا ناگونجێت، ئەگینا مەزاری ئەو لە هەر شوێنێک بێت ئەو شوێنە پیرۆز دەکات نەوەک پێویست بەوە بکات شوێنێک ناودار بێت ئەوکاتە مەزاری ئەو شاعیرەی تیا دروستبکرێت، بۆیە مەزاری ئەو شاعیرە لە هەر شوێنێک بێت ئەو شوێنە بەوەوە ناوبانگ دەردەکات نەوەک بە پێچەوانەوە، بۆیە کێشەکە لەو داواکارییەدا یاساییەو ئەو دوو یاسایەش ڕێگە بەو مەزارە نادات لەناو ئەو پارکە.».

# شێرکۆ و یاخیبوون لە نیشتیمان



بەختیار عەلی

شێرکۆ بێکەس لە یادەوەری ئێمەدا وەک شاعیریی نیشتیمان ناسراوە، بەو مانایەی نیشتیمان بابەتی سەرەکی و وشەی سەرەکی ئەزموونی ژیان و شیعری شێرکۆیە. نیشتیمان بە وێنە جیاوازو تیراژیدییە جیاوازەکانییەوە بابەتی سەرەکی شیعری ئەم شاعیرە بووە کە تاکە شاعیرێکی ئێمەیە لە شیعر ماندوونابێت و بێوچان وەک سەرەکیترین کەرەستەی تەعبیر بەکاریدەهێنێت. ئەگەر لە نەوەدەکاندا دەربەندی پەپوولە مانیفێستی گەڕانەوەی شێرکۆ بووبێت بۆ نیشتیمان، ئەم چامە نوێیەی کاک شێرکۆ، مانیفێستی تووڕەبوون و وەرگەڕانی شێرکۆیە لە نیشتیمان. ئەوەی کە چاوەڕوان کراو نییە لە شێرکۆ ئەوەیە ببێت بەو شاعیرەی کە نیگارێکی کاریکاتۆری بۆ مەعشوقە دێرینەکەی خۆی بکێشێت. یاخیبوونی وەها زەحمەتەو لە تەمەنێکی وەهادا پێشبینی ناکرێت، تەنیا شاعیرە گەورەکان دەتوانن لە پیریدا بێترس خیانەت لە مەعشوقەکانیان بکەن. بەڵام شێرکۆ لە جەژنی لەدایکبوونی حەفتا ساڵەیدا شتێک دەخاتە بەردەممان کە چاوەڕوانکراو نییە. نیشتیمان کە لە هەموو ئەزموونی دێرینی شێرکۆدا قیبلەگای جوانییەکان بووە، چیتر ئەو نیگارە میتۆلۆگیو خورافییەی خۆی دۆڕاندووەو بۆتە «پیاوێکی گرژوو مۆن»، «پیاوێکی ناشیرین». شێرکۆش لەوە ناترسێت کە ئەو ڕاستییە بخاتە بەردەستمان. شێرکۆ لە حەفتا ساڵیدا دەچێتە ناو ڕۆحی گەنجێکی سەهۆڵەکەوەو لە نیگای ئەوەوە سەیری دونیا دەکات ... هەموو لە مێژە دەزانین شێرکۆ شاعیری دۆنادۆنە سەیرەکانە. لە کورسیدا شێرکۆ لە چاوی کۆمەڵێک کورسییەوە دونیا دەبینێت و حیکایەتی مێژووی شارێک دەگێڕێتەوە، بەئەندازەیەک مرۆڤ دەپرسێت کە ئاخۆ دەبێت شێرکۆ بەڕاستی ڕۆژێک لە ڕۆژان کورسی نەبووبێت؟ لە ملوانکەشدا هەمان کار دەکات. بەڵام گواستنەوەی ڕۆح و نیگا لەنێوان گەنجێکی تەمەن بیست ساڵ و شاعیرێکی تەمەن حەفتا ساڵدا ئاسان نییە. شێرکۆ لەم قەسیدەیەدا تەنیا بە ڕۆح و نیگاری کامەراندا ناچێتە خوارێ، بەڵکو بە تێڕوانینی هەموو ئەو موفرەداتە بچووک و لەبیرکراوانەشدا ڕۆدەچێت کە دونیای پاڵەوانی قەسیدەکە دروستدەکەن، وەک هەستی پێڵاوەکانی دایکی و سەرنجی گوارەکانی گوێی خوشکەکەی ... زۆرجار لە دونیای شێرکۆدا وەهایە وەک لە فیلمێکی کۆمپانیای والت دیزینیدا بین، هەموو شتەکان قسە دەکەن ... بەڵام جیاوازییەکە لای شێرکۆ لەو قوڵاییە سایکۆلۆژی و فەلسەفی و سیاسییەدایە کە شتەکان دەیڵێن و دەیگوێزنەوە. بەڵام توانای شێرکۆ تەنها لەوەدا کورتنابێتەوە کە شتە بچووکەکان دەهێنێتە قسە، بەڵکو لەو هێزی چڕکردنەوەیەشدایە کە وادەکات لە ڕووبەرێکی بچووکدا جوگرافیای ژیان و هەست و نەست و خەون و ئومێدو ئازارە گەورەو بچووکەکانی شتەکان دەگوازێتەوە، لە قەسیدەکانی ئەم چەند ساڵەی شێرکۆدا ڕووبەری ئەو شتانەی قسەدەکەن بەجۆرێکی بەربڵاو گەورەبوون ... لەم چەند ساڵەدا شێرکۆ لە شاعیری مەسەلە گەورەکانەوە وەرگەڕاوە بۆ ئەوەی تەواوی نیگاو توانای بیستن و هەستکردنی لەسەر شتە بچووکەکان و مێژوویان کۆبکاتەوە ... شێرکۆ ئەم پرۆسەیە گەلێک قەشەنگ دەبات بەڕێوە، شتەکان تەنیا ئازاری مرۆڤ ناگێڕنەوە، بەڵکو ئازاری خۆشیان لەگەڵ مرۆڤ و بەهۆی مرۆڤەوە دەگێڕنەوە. ئەم توانایە هەر لە سەرەتاوە شێرکۆ لە هەموو شاعیرانی تر جیادەکاتەوە، کەسمان وەک شێرکۆ ناتوانین شتەکان بێنینە قسەو زمانە ناوەکییەکان بەئاگا بهێنینەوە، خەیاڵی شێرکۆ گەیشتۆتە جێگایەکی ئیشکردن و ڕووبەرێکی ئیشکردنی دۆزیوەتەوە کە تێیدا پیر نابێت، دونیای شێرکۆ ئێستا لە دەوری ئەو پرسیارە گڕ دەخوات: گەر شتەکان، هەموو شتەکان، لە ژێرپیاڵەیەکەوە بیگرە تا دەگاتە دوورترین ئەستێرە بێنەقسە چی دەڵێن و باسی چیمان بۆ دەکەن. ئەم ڕووبەری خەیاڵەی شێرکۆ هەڵیبژاردووە بە ئەندازەیەک بەرینە نە پیری دەرەقەتی دێت و نە زەمەنیش کۆتایی پێدەهێنێت ... لە ئەزموونی شێرکۆدا شیعر دەبێتە ئەو تاکە زمانەی کە گەردوون دەتوانێت پێیبدوێت. شێرکۆ لەم قەسیدانەی دواییدا بەتەنیا شاعیر نییە ... ئەم شیعرانە هەم پڕن لە چیرۆکی نهێنی و هەم پڕن لە شانۆی نهێنی. شێرکۆ لەم قەسیدەیەدا هەموو شتەکان دەخاتە خزمەتی هیجاکردنی یەک شتەوە «نیشتیمان»، یاخود وەک ئەو دەڵێت «نیشتیمانی بێسفەت». ئەو نیشتیمانەی کە شێرکۆ لێرەدا تەواو لێی یاخیبووە، پەتی پەیوەندی لەگەڵ پچڕاندووە ئەو نیشتیمانە درۆزنەیە کە ڕاگەیاندن و درۆکردن و وێناکردنی سیاسی نادروست خوڵقاندویەتی ... ئەو نیشتیمانە پیرەی توانای تێگەیشتن و گوێگرتن و بینینی نەوە تازەکانی نییەو نەماوە. شێرکۆ دوور لەو نیشتیمانە، دوور لەو ڕۆحە سڕە، دوور لە هەر پیرییەک دەبێتە دەنگی ئەو گەنجە فەرامۆش و بێئینتیماو دابڕاوانەی لەسەر شەقامەکانی نیشتیمان هەستی سەردەمێکی دی و نەوەیەکی جیاوازیان هەیە. ئەم دەنگەی شێرکۆ لێرەدا دوا سنوورو دوا فۆڕمی تووڕەیی ئەو نەوەیە دەگوازێتەوە، لە هیچ تێکستێکی گەنجانەدا، گەنجی وەها ڕوون و تووڕە قسەی نەکردووە. بەڵام لە جەوهەردا تێکستەکە مانیفێستی حاشاکردنی شێرکۆشە لەو نەوە سیاسییەی کە خۆی لەگەڵیدا پێگەیشت و گەورەبوو، داماڵینێکی تووڕەی دەمامکە لە ڕووی نەوەیەک کە چیتر هیچ شاعیرێک ئامادە نییە دەست بخاتە ناو دەستی. نیشتیمان لەم ئەزموونەدا نیشتیمانەکەی جاران نییە، نیشتیمانی قارەمان و قوربانی، بەڵکو وێنەی باوکێکی ستەمکارو گوێنەگرو خۆپەرستی وەرگرتووە، لە نیشتیمانی هونەرمەندانەوە بووە بە نیشتیمانی مقاویلەکان، لە نیشتیمانی قوربانییەکانەوە بووە بە نیشتیمانی دزەکان. ئەم ئاڵوگۆڕە لابەلابوونەوەیەکی گرنگە لە مێژووی شیعری شێرکۆدا، شێرکۆ جارێکی دی دەیسەلمێنێت کە وێنەسازی ئەو هەڵچوون و داچوون و ئینفیعالاتانەیە کە لە ناوەوەی خەڵک و کۆمەڵگادا دەجوڵێن. ئەم قەسیدەیە پێمان دەڵێت کە شیعری شێرکۆ ئینتیمایەکی سیاسیی نییە، بەڵکو نیگارکێشی ئەو جوڵەو شەپۆلانەیە کە لەسەر شەقامی کوردیدا دەردەکەون و دەبزوێن. «سەهۆڵەکە» لەم قەسیدەیەدا مانایەکی مەجازی هەیە، شێرکۆ شاعیری ئەو شتانەیە کە لەسەر شەقامەکان ڕوودەدەن، سەهۆڵەکە ئاماژەیە بۆ ئەو گرێبەستە ئەبەدییەی شیعری شێرکۆ بە شەقامەکانی ئەم شارەوە گرێدەدات. ئەمە وا دەکات شێرکۆ لە حەفتا ساڵیدا بتوانێت وەک گەنجێکی بیست ساڵ ببینێت و ببیستێت و هەست بکات، وا دەکات ئینتیمای بۆ داهاتووی ئەو گەنجانە بەهێزتر بێت نەوەک لە ئینتیمای بۆ ئێستا یان ڕابوردووی خۆی. شیعری شێرکۆ لەو جۆرانەیە کە دەتوانێت خیانەت لە هەموو موقەدەساتی دێرینی خۆی بکات لەپێناوی ئەوانەدا کە سبەی لەدایک دەبن. شێرکۆ دواجار دەیەوێت بڵێت ئەمڕۆ نەوەیەک لەسەر شەقامەکانی نیشتیمان وەستاوە کە ئینتیمایان بۆ عەشق لە ئینتیمایان بۆ ئەم پیاوە گرژو پیرو قەڵەو و مۆنە زیاترە کە خۆی ناوناوە نیشتیمان. واتە نیشتیمان بە ماناو وێنای نەوەیەک دەگۆڕێت و نیشتیمانێکی تر لەدایکدەبێت کە نەوەیەکی دی دیاریدەکات چییەو دەبێت چۆن بێت. بە کورتی ئەم تێکستە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە شێرکۆ شاعیری یاخیبوونە، نەوەک شاعیری نیشتیمان. ئەم قەسیدەیەی شێرکۆ تەنیا شاهیدی شاعیرییەتی شێرکۆ نییە لە تەمەنی حەفتا ساڵیدا، بەڵکو شاهیدی گۆڕانی مانای نیشتیمان و نیگارە دێرینەکانێتی لای ئەو. شیعر هەمیشە دەستپێکردنەوەیە لە سەرتاوە، گەر ئەم دەستپێکردنەوە لە فۆڕم یان زماندا بەرجەستە نەبێت، ئەوا لە جیهانبینی و نیگای فەلسەفی شاعیردا بەرجەستە دەبێت. خیانەتکردنی شێرکۆ لە «نیشتیمانی خائینان»، بەڵگەیەکی گەورەیە بۆ ئەو ڕاستییەی کە شیعر هەردەم دەستپێکردنەوەیەکی نوێیە. شاعیر هیچ نییە جگە لە سیزیفێک کە هەموو ڕۆژێک دەبێت لە سەرەتاوە دەست پێبکات، بەڵام سیزیفێکی غەمگین نا، بەڵک و سیزیفێک کە ئیشەکەی خۆی خۆشدەوێت و هەر جارێک بەردەکەی خۆی بەرزدەکاتەوە، شتی نوێی لە ژێردا دەبینێت. دواجار دەتوانم ئەوەندە بڵێم ئەم قەسیدەیە بەهیچ جۆرێک لە تێکستێک ناچێت کە بۆنی کۆتایی شاعیرێکی پیری لێبێت، بەڵکو لە قەسیدەی یەکێک دەچێت کە دەیەوێت لە سەرەتاوە ... زۆر لە سەرەتاوە دەست پێبکاتەوە.



فۆتۆ: سۆران نەقشبەندی

## چیت خوێندەوە؟

گۆشەیەکە هەرجارەو کەسێک دەینووسێت

پێشەوا محەمەد

### ئێستا کچێک نیشتمانمە

بەبڕوای من نووسەر یان ئەدیبی داهێنەر کەسانێکن کە هەمیشە لە دەرەوەی ئەو تێڕوانینە جێگرەی خوێنەرەکان بۆ یان دەکێشن تێکستەکانیان دەخوڵقێنن. بەو مانایەی ناچنە ناو تەنها قاڵبێکی دیاریکراوی نووسینەوەو بۆ هەمیشە لەسەر ئەو فۆڕمە بنووسن.

ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە، نووسەرەکان، ئەدیبەکان هەتا فەیلەسووفانیش چەند هێڵێکی گشتیان هەیە کە هەمیشە لە کارەکانیاندا ڕەنگ دەداتەوەو بەردەوامیش زیاتر لەسەریان قوڵتر دەبنەوە، بەڵام ئەمە واتای یەک جۆر لە نووسینو یەک شێواز نییە لە دەربڕینو تێکستەکانیاندا.

بۆ خوێنەران، هەمیشە دیدگایەکی گشتی لەسەر ئەو نووسەرو ئەدیبانە دروستدەکەن کە بەردەوام لەگەڵیان بوونو بەرهەمەکانیان دەخوێننەوە. بەشێکی زۆریان بە شێوازێکی کارکردن یان بەو ڕەهەندە زاڵو گشتگیرە ئاشنان کە ئەدیبەکان تێکستەکانیانی پێدەنووسن، بەڵام لێرەدایە ئەرکی نووسەرو ئەدیبەکان ئەوەیە بەجۆرێک لەو قاڵبانە بێنەدەرەوەو جۆرە دیدگایەکی جیاوازتر لەوەی پێشووتر پێشکەشی کردووە پیشان بدات. بەو کارەش ئەوە بە خوێنەرو ڕەخنەگرەکانی بڵێت کە دەتوانێت جۆرێکی تر لە نووسینو دیدگایەکی تری شتەکانو فۆرمێکی تر تاقی بکاتەوە.

(ئێستا کچێک نیشتمانمە)، نوێترین قەسیدەی بڵاونەکراوەی شێرکۆ بێکەس-ە. لەم قەسیدەیەدا ئەو شاعیرە جیاواز لە هەموو ئەو کارانەی پێشووتری دەردەکەوێت. ڕەنگە زیادەڕۆیی نەبێت ئەگەر بڵێم تەکنیکو وێناندنو زمانی ئەم شاعیرە نەبێت کە هەموومان پێی ئاشناین، ئەوا وەکو ناوەڕۆک قەسیدەیەکی دابڕاوە لە تەواوی ناوەڕۆکی کارەکانی پێشووتری، بەتایبەت لە خاڵێک یان هێڵێکی گشتیو جەوهەری کارەکانی ئەو شاعیرە کە ئەویش نیشتمانە.

هەموومان شێرکۆ بێکەس-مان وەک شاعیری نیشتمان ناسیوە، بەردەوامو کار دوای کاری هەمیشە چاوەڕوانی ئەوە بووین جارێکی تر نیشتمانمان بە بەرگێکی شاعیرانەی خۆیەوە پێشان دەداتەوە، جارێکی تر گوڕو تینێکی زیاترمان تیا زیندو دەکاتەوە بۆ ئەوەی پەیمان لەگەڵ ئەو خاکەدا تازە کەینەوە کە نیشتمانمانە. بەڵام لە دوا قەسیدەیدا، (ئێستا کچێک نیشتمانمە)، ئەو چاوەڕوانییەی ئێمە بۆ سەرلەنوێ بینینەوەی نیشتمان لە بەرگێکی نوێدا تێکدەشکێت، سەرەڕای ئەوەش بەر وێنایەکی تری نیشتمان دەکەوین لای ئەو شاعیرە کە چی تر نایەوێت تیا بژیتو تەواو لێی بێزارو نیگەرانە.

زۆربوونو باڵادەستبوونی ناشیرینیو بێزراوی هەموو ئەو شتانەی کە پێشتر بریتیبوون لە جوانی پارێزی نیشتمان، وایان لە شاعیر کردووە چیتر ئامادەنەبێت بەرگریو هۆنراوە بۆ نیشتمانێک بچڕێت، کە تا سەر ئەم قەسیدەیە هەموو بەرهەمەکانی خۆی بۆ تەرخان کردبوو. ئەو هەر وەک لە ناوی قەسیدەکەشییەوە دیارە، چیتر ئەو نیشتمانەی تا ئێستا ئێمە لای شێرکۆ بێکەس ناسیومانە، ئەو نیشتمانە نییە کە لێرەدا باسی دەکات، بۆ ئێمەیەکی خوێنەرانی ئەو، لە دوای ئەم قەسیدەیەوە، ئەگەر بیرمان کردەوە کەمێک بۆ نیشتمانەکەی شێرکۆ بگەڕێینەوە، ئەوا دەبێت بە دوایماڵی ئەو کچەدا بگەڕێین کە ئێستا نیشتمانی ئەوە.

**«لەم ڕۆژژمێرەی ئێستەدا**
**بەهەر شوێنێکدا تێپەڕم**
**بێزاریی تارماییەکە لە پڕێکدا**
**پەیدا ئەبێو لەبەردەمما ڕائەوەستێ:»**

یاخود بێزارییەکەی شاعیر دەگاتە ئاستێک کە لە شوێنێکی تردا بڵێت:

**«کە وڵات بوو بە چەتەولی هەڕەشەو**
**چی دەرگایە لێی داخستی**
**ئیتر شتێک نییە لەودا هەرگیز**
**تۆ پێی بڵێی خۆشەویستی»**

شاعیر، لەم قەسیدەیەدا تیشک دەخاتە سەر هەموو ئەو بێڕێزیانەی بە نیشتمان کراوەو هەموو ئەوانەشی نیشتمان کردوونی، بەڵام هەرگیز نیشتمان ئامادەنەبووە دان بە هەڵەکانیدا بنێت.

نموونەگەلێکی زۆر لەو قەسیدەیەدا هەیە، کە دەرخەری ئەو بێزارییەی شاعیرن لە نیشتمانی ڕابردووی. بۆیە بەبڕوای من قەسیدەی (ئێستا کچێک نیشتمانە)، دەبێتە وەرچەرخانێک لە مێژووی نووسینی شێرکۆ بێکەس-دا. وەرچەرخانێک بەرانبەر بە نیشتمانێک کە سەرجەمی ژیانو بەرهەمەکانی بۆ تەرخان کردبوو. ئەو چیتر نایەوێت نیشتمانێک بە هی خۆی بزانێت، کە ئەو هەموو ناشیرینییەی تێدا جێگەی بۆتەوەو خودی ناشیرینیش تێیدا باڵادەستە، ئەو بێئارامو بێئۆقرەیە تێیدا، بۆیە لە دواجاردا جێی دێڵێت، ماڵێکی تر، نیشتمانێک لە باوەشی کچێکدا دەدۆزێتەوەو دەیکاتە نیشتمانی خۆییو ئارام ئارام تێیدا دەحەسێتەوە:

**من نیشتمانەکەم گێلە**
**لە خوێن ساردیو بیرچوونەوەو**
**بێباکیدا**
**لە هیچ نیشتمانێکی تر ناچێ**
**بۆیە منیش بڕیارم دا**
**وەکو کراسێکی کۆنو**
**چاویلکەیەکی شکاو و**
**نامەیەکی بزرکراو**
**ئەوم لەبیربچێتەوە!**

ئاسۆی ئەدەب
www.xendan.org

## لە وەسییەتنامەکەی شێرکۆ بێکەس-ەوە:

# ئەمەوێ بەدەم چریکەی دیلانو ئەڵڵاوەسییەکەی مەردانو سرودی (خوایە وەتەن ئاوا کەی)ەوە ئاڵای کوردستانم تێوەپێچرابێو بنێژرێم

**ساڵێک بەر لە ئێستا هاوڕێی ڕۆژنامەنووسم بروا بەرزنجی لە ئەنجامدانی کۆمەڵەدیدارێکدا لەسەر مردن لەگەڵ چەند ئەدیبێکی کورددا ئەنجامدا. یەکێک لەو ئەدیبانە شێرکۆ بێکەس-ی شاعیر بوو. هەتا ئەوکاتەی ئەو هاوڕێیەم ئەو دیدارەی سەبارەت بە مەرگ لەگەڵ ئەو شاعیرە سازکردبوو، بەو شێوازە ڕاستەوخۆیە شێرکۆ لە هیچ شوێنێکدا ڕازی دڵی سەبارەت بە مەرگو ژیانی دوای مەرگ نەدرکاندبوو. لەکاتی خۆیدا دیدارەکە دەنگدانەوەیەکی ئەدەبیو ڕووناکبیریی بەدوای خۆیدا هێنا.**

**لەو دیدارەدا کە ساڵێک بەر لە ئێستا لە ڕەخنەی چاودێردا بڵاوکراوەتەوە، شێرکۆ بێکەس بە وردی لەسەر مەرگ دەوەستێتو تەواوی بیروبۆچوونەکانی خۆی دەردەبڕێت. خوێندنەوەی ئەو دیدارە بۆ خۆی تامو چێژی تایبەتی خۆی هەیە.**

**ئەوەی ئێمە لێرەدا بەڕەزامەندی بروا بەرزنجی ڕۆژنامەنووسو شێرکۆ بێکەس-ی شاعیر جارێکی تر بڵاویدەکەینەوە، بریتییە لە بەشێکی ئەو دیدارە کە بریتییە لە وەسییەتنامەیەکی شێرکۆ بێکەس کە مەبەستییەتی لەدوای مەرگی ئەو شتانە بکرێن، لە دیدارەکەدا بروا دەپرسێت:**

**⁕شاعیرانی کورد زۆرجار پێش مردن لە شیعرەکانیاندا وەسێتیان کردووە لە گۆڕستانێکی دیاریکراودا بنێژرێن، ئێوە وەسێتتان هەیە، وەسێتەکەتان چییە؟ دەکرێت بۆمان باسکەیت؟**


-بەڵێ هەمە وا ئێستەش بۆ یەکەمجار ئەو وەسێتنامەیە لێرەدا بڵاودەکەمەوە «ئاخر باشە من ناردبووم بەشوێنتا بێیتو پرسیاری مردنو قەبرو قیامەت لەگەڵ خۆتدا بێنی؟ ئاخر وەک دەڵێن تۆ کە قسەی خۆش نازانی ئەم قسە ناخۆشانە چین؟!» بەڵام جێبەجێکردنی ئەم وەسیەتنامەیە بەر لە کەسوکارەکەم بەرەو ڕووی تۆو ئەو شاعیرو نووسەرە گەنجانە دەکەمەوە «چونکە ئەگەری زۆر ئەوەیە مەرگی من پێش مەرگی ئێوە بکەوێ» ڕەنگە هەندێ برگەی ئەم قسانەیش جێبەجێ نەکرێن یان لەبنەڕەتدا هەر ڕێگەتان نەدەن، بەڵام ناکرێ نەیانڵێم. کورد ئەڵێ کەس بەوەسیەت نەمردووە، وەلێ مردن هەر دێت. بۆیە چاکتر وایە ئەو وەسێتانە لەگەڵ خۆماندا نەبەینە ژێر گڵەوە، بەرلەوەی مارو مێرو بمانخۆن، با ئەو یادەوەریو قسانەی ماوە بیانگێڕینەوە. لەسەر زەویو بەزیندوێتی لە زمانی خۆمانەوە بیاندرکێنین: بەڵێ من تەمەنێکم بەسەر بردووە. وەکو وتیشم زۆری ڕۆیشتوەو کەمی ماوە. من گلەیی لە ژیانی خۆم ناکەم. ئەوەندەی نەبوونیو ناخۆشیو دەردەسەریم دیوە. بەتایبەتی لە منداڵیو هەرزەکاریدا، دواتر خۆشیو بوونو بەختیاریم بینیوەو دنیایش گەڕاوم. لە مێردمنداڵییەوە عاشقو سەودا سەری شیعر بووم تا ئەم ساتەوەختەیش هەر گیرۆدەی جوانیی ئەوم. سەرەتام بەلەقە لەقو بەهرەیەکی مام ناوەندییەوە دەستپێکرد، بەڵام ئەو عەشقە بەرینەدامو منیش بەرم نەدا. ساڵان ڕۆیشتنو هاتنو ئەزموونو خوێندنەوەیش بەرە بەرە بەرەو کامڵ بوونیان بردم. وەک ئەزانن زۆرم نووسیوە. بەڵام بۆریشی تێکەوتووە. ئەگەر لەو هەزاران لاپەڕانەی نووسیومن چارەکە بەشێکیم بۆ بمێنێتەوە بەختیار دەبم: هەر لە گەنجێتیشەوە مەسەلەی ئازادی میللەتەکەمو سەربەخۆیی کوردستان یەکێک بووە لە خەونە جوانەکانم. ئەوەندەی توانیومە لەم پێناوەدا جوڵاوم، هیچ منەتێکیش لەمەدا نییە. وەلێ تۆزێ درەنگ ئەو ڕاستییەم بۆ دەرکەوت کە من بۆ کاری سیاسیو ئایدۆلۆژی دروست نەبووم. خۆ ڕەنگە ئەمە خاڵێکی لاوازی ژیانیشم بێ بەو مانایەی نەمتوانیوە لەخۆبووردتربم. وەک هەندێ لە هاوڕێکانم ئەوانەی ژیانو جەستەی خۆیاندا بە مەسەلەی ڕەوای گەلی کوردستان. ژیانم بەدەر نەبووە لە هەڵەو خەوشو کەموکورتیو کەمتەرخەمیو تەمەڵی. بۆیە دەبوو چەند زمان فێربمو زۆرتر بزانمو لە زۆر هەڵوێستدا ئازاترو لە ڕوو تربم، من لەگەڵ میللەتەکەی خۆمدا پاک بووم، بەڵام وەک پێویست قوربانیم بۆ نەداوە. ترسنۆک نەبووم، بەڵام ئەوەندەیش ئازا نەبووم تا ڕەخنە لەخۆم نەگرم. شیعر بۆ من بوونو چارەنووس بووە بەڕێگاو پەیامو هونەر، لەڕاستیدا من بۆ خۆم ستایلو ئەزمونێکی شیعری تایبەت بەخۆم هەیەو هەوڵمداوە ئەم ئەزمونە گەشە پێبدەمو تیایدا قوڵتربمەوە. ئەگەر جێ پەنجەیەکەم بەنوێکردنەوەی شیعری تازەوە دیاربێ بەختەوەرم. من ئەم هەڵسەنگاندنە بۆ کەسانی ترو ڕوناکبیرانی میللەتەکەم بەجێئەهێڵمو خۆم قسەی تیا نەکەم باشە. وەلێ ئەوەی لەئێستەدا جێی شانازین ئەو هەموو خۆشەویستییە زۆرەی خەڵکە کە لە هەموو لایەکی کوردستانەوە ڕووی تێکردومو باوەشی پێدا کردووم. دڵم لە دڵی منداڵ دەچێو هەرگیز جێی تۆڵەو ڕقو کینەی تێدا نەبۆتەوە بەتایبەتی بەرانبەر هاوڕێو ناسیاوەکانم، زۆرجاریش باجی ئەم دڵپاکییەی خۆمداوە. هەر شاعیرێکو نووسەرێکی میللەتەکەم شارایەکیان خستبێتە سەر ئەم زمانی کوردی ماچیان دەکەمو دەستی ڕێزیان بۆ ئەگرم بەسنگەوە. من دڵنیام شیعرو ئەدەبی کوردی لەسەر دەستی کۆمەڵێ گەنجی بەهرەدارو ڕوناکبیردا پاشەڕۆژێکی گەشترو بەرزتری ئەبێت. دڵم زۆر بەوە خۆشە کە لەو ساڵانەی دواییدا پۆلێ ژنە شاعیری بەتوانا هاتوونەتەکایەوە. ڕاستە من شاعیرێکی کوردم، بەڵام لەهەمان کاتدا من شاعیری هەموو مرۆڤایەتیو ئازارو ئاواتەکانی مرۆڤیشم لەسەرانسەری دنیادا، من هەرگیز ئیرەییم بەتواناو بەهرەو داهێنانی کەسانی تر نەبردووە. چاوچنۆکو پیسکە نەبووم. چەندم بۆ کرابێ یارمەتیو هاوکاری کەسانی نەدارم داوەو کردووە، من ئەگەر پەشیمانبم لەو شیعرانە پەشیمانم کە لە ڕووی هونەرییەوە لە ئاستێکی باشدا نەبوونو بڵاومکردوونەتەوە، وەلێ لە ڕووی ناواخنو ناوەڕۆکو بابەتەوە پەشیمان نیم، چونکە لەسیاقی مێژوویی خۆیاندا ئەو شیعرانە وێنەکانی ئەلبومی ژیانم بوونو خۆم بوون. بەلای منەوە ڕێگری یەکەم لەبەردەم پێشکەوتنو ڕاپەڕینی سیاسیو کۆمەڵایەتی کوردا، بیری غەیبیو خورافات بووە تا گۆڕانی گەورە بەسەر دیندا نەیەت گۆڕانی بنەڕەتی ڕوونادات. ئەگەر بشبێ کەم ئەبێت. میللەتی کورد قوربانی لەڕادە بەدەری داوە وەلێ لە هەموو دەورو زەمانێکدا سەرکردە سیاسیەکانی لە ئاستی ئەو هەموو خوێنو قوربانیانەدا نەبوون. ئازادیی ژن لەناو هەر میللەتێکدا پێوەرێکی گەورەیە بۆ ئازادی مرۆڤ بەگشتیو بۆ دیموکراتیو لێبوردنو کرانەوە کە ئەو ئازادییە نەبوو یان سەرکوتکرا ئازادییەکانی تریش ئەبنە ڕواڵەتو بەتەنها کۆمەڵێ دروشمو هیچی تر. وەک ئەڵێن ئەگەر سەربەخۆیو ڕزگاریو دروستکردنی کیانێکی سیاسی بۆ کورد، خەون بێ، من ئەمەوێ تا مردن لەناو ئەو خەونەدا بم، لەهەمان کاتیشدا هەموو شتێ لەم دنیایەدا هەر بە خەون دەستی پێکردووە، بەڵام ڕۆژێ لە ڕۆژانیش بووە بە واقیع. کورد تەنها ئەو وەختە خاوەنی ڕاستەقینەی خۆیەتی کە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی هەبێت. من هەموو میللەتانی دنیام خۆش ئەوێ بەتایبەتیش ئەو میللەتانەی کەوەک ئێمە هێشتا کۆیلەنو نەگەیشتونەتە سەربەخۆیی خۆیان. هەموو ئافاتە گەورەکانی مرۆڤایەتی لەسەرچاوەی فیکری داخراوو توندڕەویەوە هاتوون. بیری دیموکراسیانە جوانترین بیری ئەم دنیایەیە. جوانترین هەناسەی ئەم دنیایەیش هەناسەی شیعرو ئەدەبە، چونکە تەنها لە دنیای هونەردا بەرژەوەندی کەمە یان هەر نییە، ئێمە بەجیاوازی دیموکراسیانەوە بەسەکۆکانی فرە بیروباوەڕەوە بەلەیەکنەچوونی ئاشتی خوازانەوە، دوور لە چەکو خوێنو شەڕی ناوخۆ ئەتوانین پاشەڕۆژی ڕووناکترو ئاسودەتر بێنینە دی. تا ڕووبەری ڕوناکبیریش فراوانتر بێ پێگەی پێشکەوتنو کۆمەڵی مەدەنیو شارستانی بەهێزترو زیندووتر ئەبێو بیری ئەوپەڕگیری ئایینیو قەومی مەزهەبی بچوکتر ئەبێتەوە. من ئاواتەخوازم ڕۆژێ لە ڕۆژان لە وڵاتەکەمدا هەموو ئاینو بیروباوەڕە جیاوازەکان بە ئاشتیو تەباییو خۆشەویستیو بەتەنیشت یەکەوە دوور لە هەموو ڕقو کینەیەک بژین. دین لە دەوڵەت جیابکرێتەوە. ئیسلامێکو مەسیحیەتو ئێزیدیەکو جولەکەیەکو ×ابئەیەک وەک یەک ئازاد بن لە عیبادەتی ئایینی خۆیاندا، بەکورتی هەموو تاکێک ئازادیی تەواوی خۆی هەبێت. ئایین بۆ خودای خۆیانو نیشتمانیش بۆ هەمووان بێت. ئەگەر خۆیشم نەیبینم ئاواتەخوازم لە پاشەڕۆژدا یەک زمانی ستانداردمان هەبێت. ئەویش ئەم زمانە بێت کە ئێستە ئێمە پێی ئەنووسین کە خاوەنی گەورەترین کتێبخانەیەتی، ئومێد ئەکەم ژینگە پاکو جوانەکەی خۆمان بپارێزین، بایەخی لەڕادەبەدەر بە منداڵانو پەروەردەکردنیان بدەین. بەتاڵیو بێکاری نەمێنێ بۆ چینی خوارەوەو هەژارانی میللەتەکەم ژیانێکی ئاسودە دابینبکرێو لەبەردەم گەنجانی کوردستاندا دەیان دەرفەتی خۆپێگەیاندنو خۆشگوزەرانی برەخسێنرێ. کچانو کوڕانی وڵاتەکەم بەئازادییولەڕێی دڵداریوخۆشەویستییەوە بۆ هاوسەرگیری یەکتری هەڵبژێرن. ژیانێکی باش بۆ پیروپەکەوتەو بێوەژنان دابین بکرێ. نەوە لە دوای نەوە کارەساتی ئەنفالو هەڵەبجە بۆ یەکتر بگێڕنەوە بۆئەوەی هەرگیز لەبیرنەچنەوە. لەگەڵ هەموو ئازادیخوازانی پارچەکانی کوردستاندا هاوبیرو پشتو پەنا بین. هەموو داگیرکەرانی کوردستان بەیەک چاو تەماشا بکەین. کردارو گفتارمان کوردستانیانە بێتو مرۆڤ دۆستانەیش تەماشای ئەم جیهانە بکەین. سوپاس بۆ هەموو ئەو نووسەرو ڕوناکبیرو شاعیرو تێکۆشەرە غەیرە کوردانەی ڕۆژێ لە ڕۆژان دۆستو هاوڕێی مەسەلەی ڕەوای میللەتەکەم بوون. سڵاو لەگیانی زیندوی (بێکەس)ی باوکو نیشتمان پەروەر، سڵاو لە هەلوێستو وشەی هیوادارم وەجاخیم کوێرنەکردبێتەوە، چونکە ئەو یەکەمین سومبولی پیرۆزی ژیانم بووە. نەسرینی هاوسەرم. هاوڕێی عومرم بووەو لە هەموو خۆشیو ناخۆشیەکدا لەگەڵمدا بووە ئەتوانم بڵێم دڵسۆزیو لەخۆبوردوویی ئەو بۆ من زیاتر بووە. پێمخۆشە هەر چوار منداڵەکەم (هەڵبەستو هەڵۆو هێژاو هانا) پێگەیشتوونو خەریکی کاروبارو ژیانی خۆیانن، ئومێد ئەکەم نەوەکانیشم پێگبەنو ئاسودە بن کە لەڕاستیدا لەمنداڵەکانی خۆم خۆشترم ئەوێن. ئومێد ئەکەم دڵسۆزی میللەتەکەی خۆیان بنو مرۆڤ دۆستو ئازادیخوازو ئاشتی خواز بن. دایکم پاڵەوانی ڕاستەقینەی ژیانم بووە، ئێستەیش ئاواتە خوازم مەرگی من پێش مەرگی ئەو بکەوێ! خوشکەکانم نەشمیلو فریشتەو گەزیزەو ژیانو منداڵەکانیان ئاسودەو بەختیار بژین. براکانم کاوەو کامەران خۆیانو خاوو خێزانیان تەندروستو تەمەن درێژبن، خاڵەکانم بێ وەی بنو تەمەن درێژ بەتایبەتی خاڵە عومەرم کە لە تەنگانەترین ڕۆژگاری نەبوونیو خەمخۆرو چەتری ئێمە بوو. سڵاو بۆ هەموو کەسوکارو کەسە نزیکەکانم خوازیاری ئەوەم ئاسودەو بەختیاربن. سوپاس بۆ هاوڕێ نزیکو خۆشەویستەکانم ئەوانەی ڕەخنەی دڵسۆزانەیان لێگرتوومو ئەگەر هەڵەیەکەم هەبووبێ بۆیان ڕاستکردومەتەوەو فرۆفێڵیان لێنەکردوم. سوپاس بۆ هەموو ئەو خێزانە شاریو گوندیو هاووڵاتیانەی کە ڕۆژێ لە ڕۆژانو بەتایبەتی لە تەنگانەدا جێیان کردوومەتەوەو یان قومێ ئاوو لەتێ نانیان داومەتێ، سوپاس بۆ هەموو ئەو ژنە فریشتانەی هاوڕێم بوونو گوڵی خۆشەویستیان داوە لەبەرۆکی شیعرەکانمو بەمیهرو ئەڤینی پاکی خۆیان نەیانهێشتووە نائومێدو تاریک بمو بەئاوی خۆشەویستی خۆیان ئاویاندامو لێنەگەڕان وشک ببمەوە. سوپاس بۆ هەموو ئەو سەرکردەو تێکۆشەرو پێشمەرگانەی کە لەهەردو شۆڕشی ئەیلولو نوێدا بەتەنگەوە بوونو هاوکاریان کردمو ڕێزیان لێگرتم. ئەنووشتێمەوەو سەرلەبەر گۆڕی هەموو شەهیدانی وڵاتەکەمدا دائەنەوێنم ئەوانەی مردنیان هەڵبژارد بۆئەوەی میللەتەکەیان بژی. سوپاس بۆ وڵاتی سوید کە لەناخۆشترین قۆناغی ژیانمدا داڵدەی خۆمو خێزانەکەمی دا. داوای لێبوردن لەهەموو ئەو هاوڕێو کەسانە ئەکەم ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژانو بۆ چرکەیەکیش بووبێ ئازاری دڵم دابن. سوپاس بۆ باڵندەو دارو بەردو گوڵو گژوگیاو شاخو ڕوبارو سروشتی وڵاتەکەم کە بەردەوامو تا ئەمڕۆم فەرهەنگی زمانو ئاسمانی بەپیتی خەیاڵمن. سوپاس بۆ «سەردەم» و هاوڕێیانی سەردەمو گۆڤارو کتێبەکانی کە لەم دە ساڵەی دواییدا وزەیەکی تازەیان بەعومرم بەخشیو تا ئەوانیش مابن تەنیا نابم. چیتر؟!

«کاکە من نازانم تۆ پەلەی چیتە؟! تۆ وەکو لەدڵت گەڕابێ من ئەمڕۆ یان سبەینێ ئەمرم بۆیە ئەوەندە ئەم دیدارەت مەبەستە! قەیناکا بەڵام ئاخر ئەی کێ ناڵێ من چەندین ساڵی تر ناژیمو چەندین دیوانی تریش نانووسم!! وا نییە؟!».. چیتر؟!

ماوەتەوە سەر شوێنی ناشتن! بەڵێ بۆ ئەمەشیان وەسێتی تایبەتیم هەیە:

ئەوەی ڕاستبێ من نامەوێ لەهیچ کام لەو گردو گردۆڵکانەدا بنێژرێم کە دیارنو ناویان ئەبرێ، یەکەم لەبەرئەوەی هەر هەموو پڕبوونەتەوەو دووەم لەبەرئەوەی (من حەز بەقەرەباڵغی زۆر ناکەم!!) من ئەمەوێ – ئەگەر سەرۆکی شارەوانیو ئەنجومەنی شارەوانی شارەکەم ڕێگە بداو ئەوەم پێ ڕەوا ببینن کە لە پارکی ئازادیداو بەتەنیشت مینۆمێنتەکەی شەهیدانی نۆی حوزەیرانی ١٩٦٣ی سلەیمانیەیوە بمنێژن «ئەوێ خۆشترەو تەنگە نەفەسیش نابم»، من حەز ئەکەم بەمردویش نزیکی ئەو خەڵکەو ژنو پیاوەی شارەکەمو دەنگی مۆسیقاو گۆرانیو هەڵپەڕکێو یانە جوانەکانی ئەو پارکە بم. شوێنەوارێ کە سومبولە بۆ ڕزگاریو ئازادیو کۆتایی هێنان بەدەسەڵاتی دیکتاتۆریو هەر بەپاڵ ئەو مینۆمێنتەیشەوە کە شەهیدەکانی هەندێکیان هاوڕێی منداڵیو گەنجێتیم بوون شەهید کەمالی حاجی فەرەج لە قوتابخانەی سەرەتایی فەیسەڵییەی کوڕانەوە تا پۆلی شەش هاوڕێی یەک پۆل بووین. یاریزانە شەهیدەکانیش هەرهەموویان شەهیدانی یاسینو حەمە بۆرو ئیسماعیلو مامۆستا حاجی باقیو نوری عەریزەنوس هەرهەموویان ناسیاوو دانیشتووی شارەکەم بوون. کاک نوری عەریزەنووس لەکتێبی کورسیدا کورسیەکی تایبەتی خۆی هەیە. با لەتەنیشت ئەو ڕەمزە زیندوانەوە بنێژرێم. با کتێبخانەکەمو دیوانەکانمو وێنەکانم ببرێن بۆ شوێن مەزارەکەم. با کافتریایەکو باخچەیەکی بچکۆلانە لەو شوێنەدا هەبێت بۆئەوەی شاعیران و نووسەرانو کچو کوڕی دڵدار ببنە میوانم. من ئەمەوێ لەئێستەوە بەچاوی خەیاڵ تەماشای ئەو پارکە بکەمو دوای مردنی خۆم ببینم. من ئەمەوێ بەدەم چریکەی دیلانو ئەڵڵاوەسییەکەی مەردانەوە، بەدەم سرودی «خوایە وەتەن ئاواکەیەوە» ئاڵای کوردستانم تێوەپێچرابێو بنێژرێم. من ئەمەوێ لە پرسەکەمدا مۆسیقا لێبدرێ. لەناو مەزارەکەمدا تابلۆی جوانی هونەرمەندەکانی شارەکەم هەڵبواسن. من ئەمەوێ دوای خۆمو بەناوی «بێکەس»ەوە خەڵاتێکی ساڵانە تەرخان بکرێو بدرێ بەجوانترین دیوانە شیعری هەڵبژێردراوی ئەو ساڵەو خەرجی ئەم خەڵاتەیش لەو میراتە بدرێ کە بەجێیئەهێڵم.

پێموایە وەسێتنامەیەکی دوورودرێژ بوو وتت چی؟! تکایە ئەگەر نەمردمو جارێکی دی یەکترمان بینیەوە ئیتر ئەم باسی قەبرو قیامەتو وەسێتکردنە لەگەڵ مندا مەکەرەوە! گرنگ ئەوەیە تا ئێستە ئەژیمو باوەشیشم بۆ پاشەڕۆژی جوانتر گرتۆتەوە. چونکە ئەمەوێ ئەو قەسیدە هەرە جوانە بنووسم کەتا ئەم ساتەوەختەیش نەمنووسیوە!



فۆتۆ: سۆران نەقشبەندی

# گفتوگۆ لەگەڵ شێرکۆ بێکەس-دا:

## شاعیر وشەکان سیحراوی ئەکات، لە قاوغی فەرهەنگی دەریان ئەهێنێو ڕۆحی تازەیان ئەکاتەوە بە بەردا، وەک ئەوەی سەرلەنوێ بیانخوڵقێنێتەوە

سازدانی: نیهاد جامی

**لەلای شاعیرێک کە بەڕای زۆرینەی ڕەخنەگران کە هەڵگری شوناسی تازەگەری شیعریی کوردیە هەر دیدارێک لەگەڵ ئەودا بۆخۆی قسەکردنە لە ئێستای شیعری کوردیی، بۆیە ئەوکاتەی شێرکۆ بێکەس دەدوێنین دەبێت بزانین ئێمە دەمانەوێ بۆچوونی شاعیرێک وەربگرین کە بەشێکە لەناو ئەو گوتارە شیعرییە، بۆیە لەو سەرەتایە لێی دەپرسین:**

***ئایا ناسنامەی شیعری کوردی لە دوای گۆران کە ئێوە کارتان تێدا کردووە تا چەند توانیویەتی گوتاری تازەگەری شیعریی بەرەو ئەزمونوی دژە شێرکۆیی ببات؟**

-گۆران وەک پۆلە بادەکەی سەردەمی خۆی نەیخوێندو وەک ئەوانیش هەڵنەفڕی، ئەم جیاوازی خوێندنو هەڵفڕینە فەزایەکی تازەی لە زمانی شیعردا کردەوە کە بۆ ئەو قۆناغە وەک ئەوە وابوو بەگژ ڕیتمو هەوایەکدا بچێتەوە کە تەواو پێچەوانەی ئاسمانی شیعری ئەوکاتە بوو. لە وەسفە باوەکانیداو لە مانا باوەکان هەڵگەڕایەوەو ناباوی لە زمانێ نزیککردەوە کە تا ئەو کاتە شیعری کوردی تووشی جۆرێک لە چەقینی ناو خمخۆرک کردبوو. دیارە ئەوەندەی کە تازەگەری ئەو کاتە لە توانایدا بوو بیکات، چونکە ئەوە بۆ زمانی شیعری «کفرێکی شیعری» بوو کە یاسای وەسفەکان بگۆڕێت. دەستکاری وەزنەکان بکەیت. پەلیش بۆ ئەرزی حەرامێ بهاوی کە شیعری تەقلیدی پەرژینەکانی بۆ دانابوو. «گۆران» بە دوای تازەکردنەوەی ڕووکاری ئەو زمانەدا هات کە «پیرەمێرد» وەستاکەی بوو. گەشەی زمانەوانیو ئاستی شیعری نوێ، دوای بیرکردنەوەی بیری نوێو ئەو پڕشنگی زەینانە دێت کە هەموو سەردەمێ لەگەڵ خۆیدا ئەهێنێ، بەواتایەکیتر زمانی نوێ لە شیعردا پێش ئەوە لە دایک نابێت ئەگەر بەرە ژانەکانی فیکری تازە گینگلیان پێ نەدابێ. لەلایەکیتریشەوە زمانێکی تازە، هەموو نەخشەی تازەکردنەوەکە بە شاعیرێک ناسپێرێ، یان بە مانایەکیتر لە هەموو زمانە نوێکارەکانی دونیادا یەک کەس چەند بلیمەتیش بێ هەموو نەخشەکە بە ڕەنگی خۆی ناتوانێ ڕەنگ بکات. ئەمە بە کۆی داهێنانەکانو جیا بە جیا دەرئەکەوێ. مادام باس لە گۆرانە واتە لە گەرمەی ئەو تازەکردنەوەی زمانەدا، لە کارکردنی ناو ئەو بوونیادەدا، لە یەک کاتدا پیرەمێرد هەبووە، ئینجا کۆمەڵێک لاویتر.

برایم ئەحمەدو عەلائەدین سوجادیو ڕەشید نەجیبو شاکر فەتاحو گۆران وەک چۆن چنینی مافورێک زیاد لە دوو دەستو دوو چاوو یەک جۆرە نەخشی ئەوەی کارکردنیش لەناو زماندا بەو جۆرەیە، بەڵام لەم ڕووبەرەدا کاری ئەفراندنی کەم تا زۆر هەڵکشاو هەڵکشاوتر، بۆ نموونە ئەگەر سەرنجەکە چڕتر بکەینەوە دوو توانایان گەورەتر بوون لەوانیتر لە جەمسەری شیعری تازەوە گۆران، لە جەمسەری پەخشانی کوردیدا برایم ئەحمەد. زمانی وەسفیش یەک ئاقاری تازەکردنەوەی بە خۆیەوە نەدیوە، چونکە وەسفەکانیش تەقلیدی و نوێخوازیان تێدابووە. داخراوو کراوەیان تێدابووە. بەجێهێشتنی هەر زمانێکیش واتە لە تازەوە بۆ تازەتر، زەمەنی ڕسکانو پێگەیشتنو ئەزموونی ئەوێ، ئەمەوێ بڵێم میکانیکیانە بە دوای یەکدا نایەن، هەموو تێپەڕاندنێکیش ئەبێ جۆرێک لە ئارمو بەڵگەی خۆی لەناو زمانەکەیدا هەڵگرتبێ، جا ئەو دیاردەو نیشانانە هەر چیەک بن، بەڵام ئەبێ جیاکەرەوە بن، بناسرێنەوە، سێبەر نەبن. زمانی نوێخوازی بۆ هەر سەردەمێ ناکاتە زمانی نوێخوازی بۆ هەموو سەردەمەکان، بەڵام ئەفراندن زیندووەو بەزیندوویی دەمێنێتەوە. بۆ نموونە زمانی شیعری لای نالی زمانی گۆران نییە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەفراندنی نالی تا ئەو شوێنەی گەیشتونێتی بە زیندوو ئەمێنێتەوە، چونکە ئەگەر وانەبوایە ئێمە لەئێستاشدا سەرسام نە ئەبووین بەو شیعرانەی بەر لە چەندین سەدە نووسراوە، ئەم قۆناغە نوێیەش «ئەگەر مەبەستت لەدوای حەفتاکانەوە بێت بۆ ئێستا» یان ئەوەی لەنەوەی هەرە نوێدا هەیە، بۆ ئەمەی دواییان نەخشەکە زۆر ئاڵۆزە. زمانەکەش بە گشتی هەروایە، زۆربەی زۆریان لەیەک ئەچن وەک لاپەڕەی کۆپیکراو، یان وەک ئەوەی ئەو زۆر بە یەک دەمو چاو یەک تۆنی دەنگو یەک باڵایان هەبێت. بەڵام لە هەمان کاتدا لە نموونە کەمەکانیدا هەست بە جیاوازی ئێمەو ئەوان ئەکەیت، چونکە ناکرێ یا نەشیاوە ئەو جیاوازیە نەبێت. هەڵبەت ئەبوایە زۆرتر بوایە، ئەبوایە ماوەی نێوانمان زیاتر لە یەکتر بترازایە، بەڵام نا هێشتا نموونەکان لەوە کەمترە توانیبێتیان بەبارە گەشەکردووەکەدا ئەو زمانە جیاوازە دروست بکەن. لەناو ئەو شاعیرانەدا کە بیستساڵێک لە من بچوکترن نموونەی بەختیار عەلیو کەریم دەشتی کەمن!.

***بەڵام کاک شێرکۆ ئەوەی زیاتر مەبەستی ئێمە بوو لەو خاڵەدابوو کاتێ وتمان دژە شێرکۆیی بەو مانایەی کە ئیدیی ئەو تازەگەرێتیە تا چەند توانای دابڕانی هەیە، مەبەستم لەوەیە کە ئاخۆ تۆ دەنگی لەو جۆرە دەبینی؟**

-دابڕان یان جۆرێکی تر سەربەخۆیی زمانو ئەزموونی شیعری یان کەسایەتی شیعری ئەو شاعیرە خۆی یەکەمین نیشانەن بۆ ئەوەی بتوانین قسە لە بەهرەیەک بکەین کەماڵو هەواری تایبەت بە خۆی هەیە. لە پاشکۆیەتیدا ناژی. گۆران خۆی هەیەو گۆرانی ئەوانیتر ناڵێتەوە، لەئەنجامی ئەزموونەکەیەوە زمانێک دروست ئەبێ کە زمانی شیعریەتی ئەبێتە مۆرکو پێناسەی دیاری، بەڵام من واینابینم خاوەن ئەو جیهانە شیعریە بم کە ئەو هەموو کاریگەریەم لەسەر تەواوی فەزاکە هەبێت، بەو جۆرەی تۆ ئاماژەت پێداوە نا بەردەوامبوونی ئەزموونەکەم لە بەخشینی بێپسانەوەدا وایکردووە بەو قەبارە گەورەیەوە بکەومە بەرچاو، چونکە لەڕاستیدا من تەنها بریتیم لەهەوڵێک بۆ ئەو تازەگەرییە. بەواتایەکیتر بە ئاراستەیەک لە ئاراستەکان ئەو کاریگەریەم لەپێکهاتەی شیعریەتی سەردەمێکدا بەرجەستە کردووە کە توانای تێپەڕاندن بۆ هەر زمان و ئەزموونێک تووشی وەستان هاتو توانای خستنە سەری زیاتری نەما، ئەوە ئیتر کارەساتە بۆ شیعرو بۆ هەر هونەرێکی تریش.

من پێموانییە ئەو توانایانە نەبن، ئەبێ هەر ببن، دیارە مەبەستم لە نەوەی هەرە تازەی نێو تازەگەریەکەیە. بابڵێین ئەو شاعیرانەی لە دە ساڵی دواییدا ئەنووسن، زمانی شیعری لای بەشی زۆریان زمانێکی هەڕەمەکیو پەرت پەرتو نەمەییو و کرچو کاڵە، وەک چاویان بەسترابێ ڕێ ئەکەن. نازانن چی ئەڵێن، شیعرەکان سەرەڕۆن، لەیەکەم خوێندنەوەدا «ئەگەر تەواو بکرێ» زایە ئەبن وەک هەر نەش نووسرابنو نەبووبن وایە. بەتۆزێ لێبوردنەوە هەست ئەکەیت تارمایی ئاشکرایی هەندێک لە شاعیرانی ئێرانیان تێدایەو لەهاتوچۆدان بە تایبەتی سوهرابی سوپهەریو فەروخی فەروخزاد، تەنانەت موفرەداتی زمانی ئەوان موفرەداتی زاڵن. پێناچێ ئاگایان لە ئەزموونی شیعری پێش خۆیان هەبێت. هەر وەکو چۆن گۆرانیبێژێکی زۆر هەن، بەگەروو ئەدای موعینو ئەوانیتر گۆرانی ئەڵێن ئەمانیش بۆ شیعری فارسی بە هەمان شێوەن. یان بە بارێکی ترداو لە شیعرو پەخشانی کوردیدا بە پۆل زمانە شیعریەکەی «بەختیار عەلی» ئەدەنەوە بە گوێمانداو بە هەمان ڕیتمو وێنەو دەستەواژەوە دیسانەوە لە بەردەمماندا قوت ئەبنەوە، ئەمە جگە لەوەی لەخوتو خۆڕایی دەقەکانیان پڕئەکەن لەوشەی عەرەبیو من گومانیشم هەیە بەشی زۆریان لەو وشانە گەیشتبن، تەنها هەر ئەوەیە بە خۆشی هاتوونە بەر گوێیانو جەڕەتێکیان تێدابوە. لاموایە وردە وردە گەڕەلاوژێیەکە ئەڕەوێتەوەو دواتر چەند دەنگێکی هەرە جوانیان ئەمێننەوە.

***ئێستا دیدێکی ڕۆشنمان هەیە لەبارەی بۆچوونی ئێوە لەبارەی گوتاری تازەگەری شیعریی کوردیی با ئێستا بێینە سەر ئەزمونی بەڕێزتان لەو بارەیە، هەندێک جار لە ئەزموونی ئێوەدا ڕووداوەکان هێندەی بە دوای خولقاندنەوەی مانان بەقەد ئەوە بەرەو لای نووسینەوەی ئاماژەی زمانەوانی نارۆن، ئایا ئەوە پەیوەندیی بە خودگەرایی شاعیرەوە هەیە بە مێژووەوە؟**

-بەتەواوی لەڕستەی «نووسینەوەی ئاماژەی زمانەوانی» نەگەیشتم لەگەڵ ئەوەشدا ئەمەوێ بڵێم «خولقاندنەوەی مانا» و «ئاماژە زمانەوانیەکان» دژ بەیەک نینو ئەشێ پێکەوە ئەزموونێک دەوڵەمەندترو ڕەنگینتر بەکەن، بەڵام لەو شیعرە درێژانەدا کە من نووسیومن، داستانە شیعریەکان، یان چیرۆکە شیعریەکان، دیارە مەوداکانی «زمانی پوختی شیعر» کاڵتر ئەبنەوە یان بە مانایەکیتر کارە «تەجریدیەکان» ناتوانن لەگەڵ بەسەرهاتو ڕووداوە واقیعیەکاندا تاسەر ئاشنابن بەیەکتر، یان پێکەوە تا سەر هەڵبکەن، چونکە لە «گێڕانەوەدا» شیعریەت بەمانا پوختەکەی نامێنێت، ئەو ئەزموونانەی من هەوڵدانێک بووە بۆ ئەوەی هەردوو زمانی تەجریدو واقیع تێکەڵ بە یەکتر بکاتو ئاکام زمانێک بێتە کایەوە هەم هەوێنێ لە شیعری پوختو هەم لەگێڕانەوەی شیعری تێدا بێت.

تۆ ناتوانی شیعر بۆ یەکێکیتر دوای خوێندنەوەی بگێڕیتەوە، ئەمە سروشتی زمانی مەجازە، بەڵام بێگومان ئەتوانی دوای ئەوەی چیرۆکێکت خوێندەوە پاشتر بگەینە ئەوەی دەقەکەت لەبەر دەستدا بێت ئەگەر هەموویشی نەبێت هەندێکی بگێڕیتەوە، لەبەرئەوە ئەبینی بەختی چیرۆک لە پەیوەندی خۆیدا لەگەڵ ئەوانیتر لەگەڵ خوێنەردا بە نیازی مانەوەی زۆرتر باشترە، یان ئاماژەکان مەودای گێڕانەوەیان تێدا نییە. ئایا لەجێی خۆیدا نییە ئەم دابڕانە بکەین بەجۆرێک لە گونجاندنو هەڵکردن لەنێوان هەر دوو زمانەکەدا؟! ئەمە ئەزموونێکن شیعری دراما بەگشتی، شیعری شانۆ، فرە دەنگیینو ڕووداو بەسەرهات ئەچنێو هیچ درامایەکیش بەبێ جۆرێک لەململانێی دژەکان نابێ بە دراما، کە فرە دەنگیش هاتە دەقەوە، کە ڕووداوی گرتە خۆ، ئیتر لە شیعری پوختی زەینیو تەجریدیو ئاماژەی زمانەوانی ئەترازێو بە سەرێک زەمینەی زمانەکەی واقیعیەو بە سەرێکی دیکەش فەزاکەی ڕوحیو ئاماژەی زمانەوانی ڕووتە. بۆ نموونە تۆ ئەو کاتەی «دەربەندی پەپوولە» ئەخوێنیتەوە لە بەردەم چەندین گێڕانەوەی شیعریدای، لە بەردەم چەندین دەنگی جیاجیادای، لە بەردەم کەسانی دیاری ناو دەقەکەدای، لە ناو زەمەنی جیاجیادای. ئەزانی ئەوە دەنگی شاعیرەو ئەوەیان دەنگی مەولانا خالیدەو ئەویتریان نالییەو ئەویتریش سالمە. بەم پێیە هەم چیرۆکو هەم شیعر تانو پۆیان کێشاوەو ئاماژە زمانەوانیەکان چوونەتە ناو پێکهاتەی دەقەکەوەو لەشوێنی خۆیاندا دەردەکەون.


ئەپرسن « هێندەی بە دوای



فۆتۆ: سۆران نەقشبەندی

خوڵقاندنی ماناوەن ئەوەندە بەلای نووسینەوەی ئاماژەی زمانەوانیەوە ناڕۆی» من ناتوانم شیعری بێمانا بنووسم!، چونکە ئەگەر ئاماژە زمانەوانیەکان ئاماژەی ماندار لەخۆ نەگرن بە تەنها وەک کۆمەڵێ ئیشاراتی لاپرەسەنگیان لێدێت لەوە زیاتر کە ئەبنە بار بەسەر دەقەوە هیچ ڕۆڵێکی تریان نابێت. من ئەزانم تۆ قسە لە فۆرمو زمانی هێمایی دەکەیت، من ئێستا بە ئەزموونی خۆم گەیشتوومەتە ئەو سەرەنجامەی: هەردوو شێوەی» شیعری داخراوو قفلکراو یان شیعری تەواو دەرگا لەسەر پشت» وەک یەکن، لە هەردوو حاڵەتەکەدا، شیعریەت تیا ئەچێ، لە یەکەمیاندا ئەبێ بە تەلیسمو بە کەس هەڵنایەتو ناکرێتەوەو لە دووەمیشیاندا ئەبێتە تۆڵەکەو هەموو هونەرێک لە دەست دەدات. بە دابڕانی تەواو لەویترو نەخۆ ڕووتکردنەوەی تەواویش لە بەردەمی خوێنەرو گوێگردا، شیعر بزر دەبێ. من مەسەلەی خوێنەری زیرەکو ئەو جۆرە پاسەوانە بۆ شیعری قفلکراو پەسەند ناکەم، چونکە شیعری تازە ئەبێ لەناو هەموو عاشقانی شیعردا هەڵبژاردنی خۆی بدۆزێتەوە نەک بە تەنها هەڵبژاردەیەکی دیار.هەندێ لە شاعیرانی دابڕاو لە گوێگر ئەم قسانە بۆ ئەوە دەکەن چونکە ناخوێندرێنەوە یان خوێنەریان دەگمەنە، لەبەرئەوە ئەبێ هەروا بڵێن. من پێموایە «ناوەندێک یان ناوەڕاستێک» هەیە ئەکەوێتە نێوان هەر دو شێوەکەوە. میانڕەویەت لە مابینی هەردوولادا، نەزۆر گیرو نەزۆر شل، شیعری ڕاستەقینە لە وێدایە، هەر لەوێشدا لەو ئاسانە گرانانەدا توانای شاعیر دەرئەکەوێ، ئەمەش چ وەک فۆرمو زمان، چ وەک فانتازیاو مانا، بابەتو زمانو ئاماژەی زمانەوانیو خوڵقاندنەوەی مانا یەک یەکتری هەڵئەشێلنەوە، یەک یەکتری تەواو ئەکەن، ئەمە بونیادێکە بە کۆی ئەو فۆرمو زمانو بابەتانە بەسەریەکەوە تەلارە شیعرێکە تەواو ئەکەن، تازەگەریش خەوشی خۆی هەیە. یەکێک لەو خەوشە زەقانە ئەو زمانە عاسییو بەگیروگازو داخراوانە بوو کە پەرەی پێداو دابڕانی لە نێوان خۆیو عاشقانیدا دروستکرد، بۆئەوەی شیعر لەخۆشەویستی ئەویدی نەکەین، بۆئەوەی تازەکردنەوە نەبێ بە دیلکردنەوەی وەرگرو دروستکردنەوەی جۆرێک لەکۆتو پێوەندی تر. پێویستە ڕوون بێتەوە بۆئەوەی قوڵایی هەناوی ببینین، تا ئەم ڕوونبوونەوەیە نەبێت شیعر ناچێتە دۆخە زێڕینەکانی جارانیو بەو شێوەیە ناخوێندرێتەوە وەک لە ڕابردوودا ئەخوێنرایەوە، دیارە من مەبەستم ڕوونبوونەوەیە لەم سەردەمەداو بەو تازەگەرییەی ڕووەو ئایندە بمانبات. من ئەم قسەیەم هەر بۆ شیعری کوردی نییە، بەڵکو بۆ هەموو شیعری دونیایە. تۆ با لە خۆمان دووربکەوینەوەو بپرسین بۆچی لەڕوسیادا هەتا ئێستاش ئەوەندەی پوشکین ئەخوێندرێتەوە شاعیرێکی دیکەی ئەم سەردەمەو هەر لەڕوسیادا ناخوێندرێتەوە؟! بۆچی لەئیسپانیاداو هەتا ئێستاش ئەوەندەی گارسیا لۆرکا شیعرەکانی لە ئامێز ئەگیرێن بۆ شاعیرێکی نوێخوازی ئەم سەردەمەیان بەو جۆرە باوەشی بۆ ناکرێتەوە؟!. مەسەلەکە زمانە، نەک بابەت، یانی پوشکین زمانێکی شیعری هەبووە کە هەم دیستوفسکی سەرسام کردووەو هەم خوێندکارێکی زانکۆیش!. زمانی قفلکراو هەموومان تووشی بێزاری ئەکات، دوورمان ئەخاتەوە لەشیعر، بە تایبەتی لە سەردەمێکی جانجاڵی وەک ئەمڕۆدا کە بە سەدان هۆو هۆکاری تر هەن بۆ ئەوەی هەر لە ئەدەب خۆیدا ڕێگای تر بۆ چاوو لێکدانەوەمان بدۆزینەوەو خۆمان لە زمانە ئاڵۆزکاوەکان بە دوور بگرین خولقاندنەوەی مانا هەمیشە خولقاندنەوەی فۆرمیشی بە دوادا دێت. نازانم ئەشێ من لەسەردەمەکە دواکەوتبم! یان ئەبێ لەو شیعرانە نەگەم، بەڵام ئاخر شیعر بە هەر شێوازێ بنوسرێ ئەبێ جوانیەک ڕاتگرێ، لە زمانەوە بۆ خەیاڵو بۆ وێنەو ڕێتمو ڕەمز و هێما زمانەوانیەکان! بەڵێ جاری وا هەیە برووسکەی زمانێک یان ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆ لێت ئەدات، بەڵام زۆر زوو بزر ئەبنو یان پەرتو پچرپچر ئەبن، ناچنەوە سەریەک. ئەتوانیت دە دێڕ دەربهێنیت، بەڵام هیچ بۆشاییەکیش لەنووسینە کەدا دروست نەبێت. بۆ بەشی دوایی پرسیارەکەتان، من مێژوو وەک مێژوو نانووسمەوە، من کار لە بە شیعرکردنی مێژوو و یادەوەریدا ئەکەم، واتە خودی خۆمو مێژووشم، چونکە من لەدەرەوەی مێژوودا نیم، بەڵام ئەو کاتەی وەک شاعیر ئەچمە ناو دیرۆکەوە بەو شێوەیە هەڵیئەنێلمەوە کە شیعر ئەیەوێ. خودی ئێمە هی هەر یەکێکمان خودی مێژوەو خودی مێژووش نییە، شاعیر وشەکان سیحراوی ئەکات، لەقاوغی فەرهەنگی دەریان ئەهێنێو ڕۆحی تازەیان ئەکاتەوە بە بەردا، وەک ئەوەی سەر لە نوێ بیانخولقێنێتەوە. خولقاندنەوەی مانا، واتە ڕوانینی نوێ، هەموو ڕوانینێکی نوێش، بێ ئاماژەو هێما زمانەوانیەکان شیعریەت بە وجود ناهێنێ!.

# سڵاو کاک شێرکۆ بێکەس



هیوا قادر

پێش هەرشت داوای بەخشینێکی زۆر ئەکەم لە درەنگ کەوتنی ئەم نامەیە.

لە گەڕانەوەمدا لە کوردستان، بۆ دوو هەفتەیەک لە ئیستەمبوڵ بووم، دواتریش کە گەیشتمەوە بۆ ستۆکهۆڵم، وەک هەمیشە تاریکی دوای سەفەری کوردستان داگیری کردم، بەدرێژایی ئەم نۆزدە ساڵەی کە لە ئەوروپا ئەژیم، هەمیشە کە لە سەفەری کوردستان ئەگەڕێمەوە توشی خەمۆکی و دڵکەوتن و تاریکی دێم، بە پێچەوانەی هەموو سەفەرێکی ترمەوە بۆ جێگاکانی تری دنیا کە پڕ ئەبم لە نەشئەو جوڵەو دڵخۆشی، ئەو نیشتیمانەی ئێمە و ئەم کوردبوونەی ئێمە موسیبەتێکی گەورەی ناو ژیانی ئێمەیە، ئەم قسەیەی من ڕقلێبوونەوە نییە لە کوردبوون، بەڵکە مەبەستم زەحمەتی و ئازار زۆری ئەو شوناسی کوردبوونەیە کە بۆ من هەمیشە جێی خەمبوە. بەهەرحاڵ دوای ئەو چەند هەفتەیەش توشی پەتا بووم و هەفتەیەک لەجێدا کەوتم، دوای ئەوەش عەمەلیاتێکی بچکۆلەم هەبوو ئەویشم کرد، کە چاکیش بوومەوە بەفرو سەرمای زۆری ستۆکهۆڵم و ئەو خەمۆکییەی کە لەگەڵ خۆیدا ئەیهێنێت یەخسیریان کردم، بۆیە هیچ مەبەستێکی خوانەکردە دەستکرد لە پشتی دواخستنی ئەم نووسینە متەوازعەی منەوە نییە بۆ ئێوەی خۆشەویست.

دیارە حورمەتنانێکی گەورەیە لە ئێوەوە بۆ من کە دیوانە تازەکەتان دامێ تا بیخوێنمەوە، پێش خوێندنەوەشی هەمیشە بیرم لەو قسەیەی خۆتان کردەوە کە وتتان بڵاوکردنەوەی ئەم تێکستە لە ئێستادا ڕەنگە بە گونجاو نەزانن، نەم ئەتوانی لەم ڕستەیە تێبگەم، تاخۆم ئەم بەرهەمە شیعرییەتانم خوێندەوەو تێگەیشتم، چونکە بۆ من نووسین هەمیشە ئەبێت لە کاتە نەگونجاوەکاندا دەرکەوێت، نەک گونجاوەکان، بەهەرحاڵ دوای دووهەمجار خوێندنەوەی بەرهەمەکەتان لەمانای قسەکەتان بەتەواوەتی گەیشتم.

من بۆ خۆم هەرزەکارێکی شەرمنۆک و کتێبی بووم کە شیعری ئێوەم ناسی، شیعری «ئاورێک لە سوچی کۆڵانەوە»ی دیوانی من تینوێتیم بە گڕ ئەشکێی ئێوەم لەبەر کردبوو بۆ خوشک و براکانم ئەخوێندەوە، دواتریش وەک دەروێشێکی شیعری ئێوە هەمیشە چەند لاپەڕەیەکم لەشیعرەکانتان لە گیرفاندا بوو بۆ هاوڕێیانم ئەخوێندەوە، لەبیرمە لەسەرەتاکانی نووسینی شیعری خۆمدا بووم شیعرێکم بۆ تۆ نووسی و هەروا لەناو دەفتەرە شیعرییەکانمدا مایەوە. ئەم مێژووە کورتەش بۆیە باس ئەکەم کە لەوەو دوا من وەک خوێنەرێک و دواتر وەک کەسێک سەودای نووسین بووم، تۆم با شاعیری نیشتمان دانا، تۆ تاقە شاعیرێکی ئێمەیت کە جیاواز لە شاعیرانی سەردەمی خۆت و تا ئێستاش بەدەر لە دیوانی «کچێک بۆتە نیشتمانم» هەمیشە تۆ دروستکەری ئەو مانا ئەخلاقییە شۆڕشگێڕانە بوویت لەسەر نیشتمان، نیشتیمان لای تۆ دایک و جەستەیەکی بریندارو کائینێکی غەدرلێکراو بووە، دیارە لە ڕووی ئەو بیرکردنەوانەی کە ئێوە هەتانبووە بۆ خودی شۆڕش و حزب و ئیلتیزام کردن. بەتایبەتی تۆ ڕۆڵێکی زۆر گرنگت بینیوە لە دروستکردنی ئەو هۆشیارییە کۆییە بۆ جوانی نیشتیمان و پیرۆزی نیشتمان، دیارە ئەمەش هەم لە ڕووی تێکست و داهێنانی شیعری ئێوەوە دیارە، هەم لەڕووی ئەو لێکدانەوە جیاوازانەوە دیارە کە بۆ شیعری ئێوە لە هەموو ئاستە جیاوازەکاندا بۆی کراوە. من ئەم پێشەکییە تەنها بۆ ئەوە ئەڵێم کە ئێوە تاکە شاعیری زۆر دیاری سەردەمانێکی پڕ لە کێشمە کێشی سیاسی و شۆڕشی کوردین کە نیشتیمانتان بۆ ئێمەی دوای ئێوەو بۆ خوێنەرەکانتان وا وێناکرد کە مانایەکی جوانی دەستلێنەدراوی هەیە، دیارە چەمکی نیشتیمان لای ئێوەش ماناکانی هەندێک سوکە دەستکاری بەسەردا هاتووە لە هەندێک قۆناغی شیعریتاندا، بەڵام هیچ کاتێک وێنەی نیشتیمان لە شیعری تۆدا وەک ئەم وێنەیەی لێنەهاتووە کە لە «کچێک بۆتە نیشتمانم»دا هەیە. ئەم دیوانەت ئەکەوێتە دەرەوەی نەخشەی شیعری تۆوە لە بەردەم مانای نیشتیماندا.

واتا چیتر نیشتمان تاقە خودای تۆ نییە، ئەمەش چەندە کفرێکە لەبەردەم ئەو مانایەی کە خۆت دروستکەری بوویت، هێندەش جوانییەکی گەورەو بوێرییەکی تایبەتی تۆیە بۆ هەڵوژێر کردنی ئەو مانایەی کە بەهەرە پایەی گەورەی شیعری تۆ دائەنرێت.

نیشتیمان لێرەدا چیتر جوان و بریندارو دایک و زوڵملێکراو نییە، بەڵکە نیشتمان ناشیرین و بریندارکەر و باوک و زوڵملێکەرە، بڕیارت داوە کە ئیتر خۆشت نەوێت و هەتاو تەمتومانی وەکو یەک سەیر ئەکەیت، ئەم تێڕوانینە نوێیە بۆ شیعری تۆ ئەو تەورەیە کە بەر بڕبڕەی پشتی ئەو مانایە ئەکەوێت کە حزب و ئایدۆلۆژیا ساڵانێکی زۆر لەسەر ئەو مانا شیعرییە ئەژیان کە شیعری ئێوە بەرهەمی هێنابوو.

دیارە نیشتمان مانایەکی شیعرییە، کائینێکی گەورەیی شیعرییە کە چاوەڕێی جوانی و دادپەروەری و گەورەی لێ ئەکرێت بەرامبەر بە هەمووان، بەڵام کاتێک ئەم کائینە شیعرییە کە نیشتمانە، هەموو ئەو جوانیانەی پێشوو کەهەیبووەو هەموو ئەو تەمەنایانەی پێشوو کە لێی کراوە نەیماوە، ئیتر نیشتیمان ناشیرینە، باوکێکی زەینکوێرو گەوجە، باوکی دزو جەردەو درۆزنەکانە، پشتی لە ئینسانە جوانەکان و هونەرمەندو شاعیرو کەسە جوانەکانی ناوخۆی کردووە، سەرقاڵی دانیشتنە لەگەڵ مقاول و دزو درۆزنەکاندا. ئەم تێکشکاندنەی نیشتیمان لای تۆ ئەکرێت هەندێک تەفسیری جیا هەڵگرێت، بەڵام بۆ من هیچ گرنگییەکی نییە ئەوەندەی کە تۆ خۆت لە تەوقێک ڕزگار کردووە، کە ڕەنگەلە دوا ڕۆژێکی نزیکدا، ئاسۆی شیعری تۆ لەڕووی ماناوە گۆڕانی گەورەی بەسەردا بێت.

دیارە لەبیرمان نەچێت ئەو مانای نیشتیمانەی کە لە شیعری تۆدا هەبووە لەلای وەچەی ئێمەو هەندێک لە شاعیرانی تریش دەمێکە تێکشکاوە، بەڵام تێکشکاندنی ئەو مانایە لای ئێمە، هێندە کاریگەری نییە، چونکە ئێمە خۆمان دروستکەری ئەو مانایە نەبووین وەک تۆ، بەڵکە تۆ دروستکەری ئەو مانایە بوویت، لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە وەک شاعیرێک ناتەوێت چیتر میراتگری ئەو مانایەبیت، ناتەوێت هەموو شتێک لە نیشتیمان قبوڵ بکەیت لەبەرئەوەی خۆشتەوێت. کاتێک کە لە خوێندنەوەی دووهەمی «کچێک بۆتە نیشتمانم» بوومەوە بەتەواوەتی لەو قسەیەت تێگەیشتم کە پێتووتم: ڕەنگە کاتی بڵاوکردنەوەی ئەم دیوانە نەبێت لە ئێستادا. بەڵام من ئێستاش پێچەوانەی ڕەئی ئێوەم هەیە و پێموایە بێ هیچ دوودڵییەک هی ئەوەیە بڵاوبکرێتەوە. بڵاوکردنەوەی ئەم تێکستە لە ئاستێکی نزمدا هەندێک هەراو گلەیی و گازندەت ڕووبەڕوو ئەکاتەوە، بەڵام لە ئاستێکی ئەدەبی و جدیدا ئەبێتە پرسیارێکی شاعیرانەی جوانی تۆ لە نیشتیمان و لەم هەموو ئەو ناشیرینیانەی کە لە خۆیدا کۆیکردۆتەوە.

بەجوانی و خۆشەویستیت ئەسپێرم

# برای بەڕێزو خۆشەویست، کاکە شێرکۆ بێکەس

کەریم دەشتی

بیرمە ساڵانێکی زووی هەفتاکان بوو، لە هەولێرەوە نامەیەکم بۆ بەڕێزتان نارد، ئەو دەم من تازە هاتبوومە ناو دنیای خوێندنەوەی شیعرو ئەدەبیات، کەفو کوڵی گەنجێتی دەروونمی بۆ ئەو هەموو شیعرە جوانانەی تۆ پڕ لە پشکۆ دەکرد، لەو نامەیەدا داوای وێنەیەکی تۆم کردبوو، کە پێموایە ئەوکات لە —میاە جوفی— بووی، ئەوەبوو کە دوای چەند ڕۆژێ وێنەی شاعیرێکی گەورەی نەتەوەکەی خۆمم پێگەیشت، ئاخر دەزانی ئەو ڕۆژە بۆ من چ ڕۆژێکی خۆشو گەورەو پیرۆز بوو، ڕۆژێ بوو تیایا وام هەست دەکرد، کلیلی نهێنییەکانی کەونم بۆ هاتووە، بەڵێ هەرواش بوو، ئاخر وێنەی شاعیرێ بریتییە لە کتێبی گەورەی کەون، کتێبی سەربهوردی ڕۆژگار بگێڕێتەوە، ڕۆژگارێ کە هەموو منەتباریو مەینەتباری بوو، بریتییە لە پەیامی مرۆڤایەتی، پەیامێ لە تەونی نادیاری جوانی، هەر بۆیە لەو ڕۆژەوە تاوەکو ئێستاشی لەگەڵدابێ، هەرجارەی شیعرێکی تۆ دەخوێنمەوە هەمان ئەو ڕۆژە خۆشەم دێتەوە یاد، چونکە هەست دەکەم، (خودا لە ژوورەکەمەو سەری بە سەرینم کردووە)، ئاخر مرۆڤ چۆن دڵی دێت شاگەشکە نەبێت، بە وێنەیەک کە بە دەستخەتی شاعیرێ بێ کە هەموو ژیانی خۆی بۆ شیعرو مەسەلە مرۆڤایەتییەکان تەرخان کردبێ، شاعیرێ کە ستوونێکی یەکجار پتەوی شیعریی کوردی دارشتووە؟ من ئەو کەسە نیم ڕۆژگاری سەختو دژواری ئەو شاعیرە مەزنانە فەرامۆش بکەم، هەندێ کەس بەوەیان شەرمە، ڕاستییەکانی ئەو سەردەمەی موعاناتی شیعری ئەوانە باس بکەن، بەڵام ئەوانە بەم جۆرە بیرکردنەوانە ناگەن بە هیچ، لە سەرەتای ڕێگە پڕ دژوارییەکەی شیعردا دەکەون، بەڵام من (سەرم سوورماوە بۆچی شەقامەکان گوڵ ناگرن کە تۆ بەسەریاندا دەڕۆیت؟). ئەمە دەنووسم هەر بۆ ئەوەی بچمە سەر ئەو باڵادە شیعرییە گەورەیەی کە بە سیدی گەیشتە دەستم، ئەو شیعرەی کە بە تامەزرۆییەکی زۆرو بە تاسوقێکی زۆرەوە خوێندمەوە، ئەو شیعرەی کە تا چاو هەتەر دەکاتو دڵ حەزدەکاتو زەین بڕ دەکات، تڕی ئاسکەکانی جوانییە، ئەو ئاسکانەی هەریەکەو لە بنارێکەوە هاتووەو لە ترۆپکێکەوە ڕاونراوە، ئەو جوانیانەی کە زۆر بە زەحمەت دێنە دەستی شیعرو زۆر بە دەگمەن شیعر پەییان پێ دەباتو دایان دەڕێژێ.


شێرکۆ بێکەس لەو شیعرەدا هەموو ئەزموونەکانی خۆی کۆدەکاتەوەو وەک کازانتزاکی کە لە پێشەکی ئەزموونەکانی خۆی دەڵێت: (کەرەستەکانم کۆدەکەمەوە، بینین، چاو، تام، بیستن، ئەقڵ، ئیدی تاریکی ڕەشماڵی خۆی هەڵداو کاری ڕۆژێ تەواو بوو)، شێرکۆی شاعیریش لەم شیعرەدا ڕۆژەکان هێندەیان ئازار داوە، دەبێ بزاوتێ بکاو جێیان بهێڵێ، بەڵام بەرەو کوێ؟ بەرەو کۆکردنەوەی هەموو ئەو جوانیانەی لە ژێر چەمکەی ئەو ڕۆژگارەدا ڕژاونو بارزقەی خوێنیانە، دەبێ کاری شاعیر چەند سەخت بێت لە پرۆسەی ڕزگارکردنی ئەو هەموو جوانییە دیلەدا؟ دەبێ شاعیر چەندین هەزار خانەی زەینو کۆشکی خەیاڵو تەلاری مەجاز بوونیات بنێت، تا ئەو هەموو ڕەوە ئاسکانەی ئێستەتیک بهێنێتەوە ناو ماڵە گەورەکەی شیعری خۆی؟ کە تەواو لەم شیعرەدا بەرجەستە بووە، خوێندمەوە بەڵێ بە دیقەت خوێندمەوە، من دەزانم ئەمرۆکە شیعر لەناو چ کارەساتێکدا دەژیت؟ بۆیە بەدرێژایی ساڵ بە دەگمەن شیعرێک دەدۆزیتەوە، کە هەموو ڕابردوو بە مێژوو بکاتو لەناو جامی جوانیدا دایانڕێژێ، لەم شیعرەدا هەموو ئازارەکانم بینی، هەموو جوانییەکانم بینی، زمانم بینی وشە بە وشە لەناو دێڕو ڕستەکاندا دەیاندواندم، دەخوازم بڵێم شێرکۆ لەم شیعرە درێژەدا بۆتە پارسەنگی هەموو ئازارەکانو هەموو جوانییەکان، بەڵێ ئاوەها لەنێو شەرەری شیعر تاواوەتەوە، من دەتوانم بڵێم ئەو هەموو گەمە سیحراویانەی شاعیر لەناو ئەم شیعرەدا ئەنجامی داون، بەشی هەموو مرۆڤایەتی دەکات، هەمیشە هەنگاو هەڵدێننو دەڕۆن، بەدوای ئەو بایە دەکەون کە بەرەو دوا قەڵەمڕەوی نادیاری کەون دەکەون تا ئەو وردە مەرجانو ئاقیقانە بدۆزنەوە کە لەناو لیتاوی ڕۆژگاردا ون بووین، بەڵام بۆ کوێ؟ (-بۆ کوێ بۆ کوێ فلوریدس؟-دەچم تا نەغمەیان بۆ دروست بکەمو ئیدی بحەسێمەوە).

بەڵام دەریای پڕ هەدادانی شیعر، کەی لێدەگەڕێ تۆ بحەسێیتەوە شێرکۆ؟ ناچار دەبێ بەدیاریانەوە فرمێسک هەڵڕێژی، دەزانم تۆ دەتەوێ لەم شیعرەدا پێمان بڵێی چیم دیو چیم نەدی، دەزانم لەم شیعرەدا تۆ هەڵگری هەموو کەرەستەکانی پرسیاری- کەی، چۆن، بۆ، من لەناو ئەو چەند لاپەڕە دوورودرێژانەدا ئاسەواری خوێنم بینی، کە لەناو پێدەشتو چیاو دۆڵو سەر تەلانو پاوانەکاندا دەبریسکانەوە، دەتگوو تازە ڕژاون، هەڵەمووتەکانم بینی کە بە هەزارەها کەڵەکێویان تیادا، گیری خواردبوو، ئینسانم دەبینی کە لەبەر تای ڕۆژگاردا هاواری دەکرد، ئاخ هاواری ئینسان لەدەم شیعری شاعیرێکی گەورەدا چەند تاسەبارە؟ مناڵم دەبینی لە دەروازەی دۆزەخدا چاوەڕوانی فریادڕەسی خۆی دەکرد، لەبەرابەر هەموو ئەو دیمەنانەشەوە، پونگم دەبینی لە کەلێنی تاشەکانەوە سەریان دەردەهێناو یارییان بە ئێستەتیک دەکرد، گوڵە مۆردم دەبینی لەو ژێر بەردانەوە، بە هەزار ڕەنگی ئەفسووناوی، کە لە دوای هەزاران باران یەک بارانی بەرکەوتبێ، سەری دەردەهێناو جوانی دەبەخشی بە خوێنەرو سەرسامی دەکرد، لەناخی تۆدا کوانووی مەزنو سووتێنەر هەیە، (من لە چاوی هەڵگیرساوی تۆو لە برۆی سەماداری نەوەستاوی تۆو ئەو هەردوو دەستانەت کە هەوا دەگرن، یاخود هەوا جەستەیێ بێتو تۆ بیگری، ئاگاداربە، ئەو نیگەرانییە یا بەرەو شێتبوونت دەبات یا بەرەو کەمال).



لەگەڵ ئەوپەڕ ڕێزمدا

# له شێرزاد حەسەن-ەوە



لەم دەقە واڵایەدا «کچێک بۆتە نیشتمانم» هەموو شتەکان وکەسەکان وشوێنەکان وزەمەنەکان تێکەڵ کراون، پتر دواندنی نەمانی پەیوەندییەکانە، لێکترازانێکی گەورەی مرۆڤەکانە بە شوێنەکان و کاتەکانەوە. چیرۆکی زەمەنێکی وەستاو یان مردووە کە پڕە لە هەراو هۆریاو قەرەباڵغی، بەڵام هیچ ڕوو نادات، چونکە چیدیکە نیشتمان ئەو بەشە خاکە یان جوگرافیایە نییە خۆمان و خەڵک و دنیای پێ بناسینەوە، یەکەمین مانیفێستی پڕ لە گومانی شاعیرە بەرانبەر نیشتمانێک کە بە هەموو تەمەنی خۆی گۆرانی بۆ چڕی ..

هەر لە سەرەتاوە عاشقەکان کە دێن؛ بە ئومێدێکی گەورەوە دێن، کەچی دەکەونە ناو کەلاوەکانی نیشتمان، ناو وێرانەخاکێک، لەم دەقەدا زمان تا ئەوپەڕی بریندارەو دڵڕەقانە خۆی نماییش دەکات کە هاوتاو هاوشانی زمانی لاوێکە کە نۆزدە ساڵی تەمەن کە هاوکێشەو هاومانای نۆزدە ساڵە لە ئەزموون و گەمەیەکی درۆزنانە کە ناوی «ئازادی بوو». زمانی تەنها زاتێکە، بەڵام نوێنەری هەموو زاتەکانی دیکەیە، کە خەون و خولیاو خۆزگەکانیان دەدۆڕێنن، نامۆ بە خۆیانو ئەو جیهانەی تێیدا دەژین، گێڕانەوەی چیرۆکی وابەستەنەبوون و لێکدابڕانە، هەقایەتی بێزاری و تووڕەیی و داماڵینی دەمامکە لەسەر ڕووی پەیامبەران و مژدە بەخشانی ناو نیشتمان، پڕ لە سروودو دروشمی عەمبارەپۆ، نیشتمانێکە خوێناوی و لەتکراو، لەم دەقەدا سەرەتا (سۆلۆ)یەک دەمانخرۆشێنێت، دواتر دەبێتە (ئۆرکێسترا)کە تیایدا هەموو ڕەگەزەکانی سروشت و دۆخەکان و زەمەنەکان و شوێنەکان و مەردوومەکان لە مارشێکدا کۆدەبنەوە، بە شەهیدەکانەوە، بەوانەشی کە لەوەدایە ببنە پرۆژەی شەهیدبوونێکی مایەپووچ، لەناو ئەو نەغمە تراژیدییەو مارشە خوێناوییەدا عاشقێکمان هەیە کە نیشتمان تۆراندوویەتی .. بۆ باوەشی کچێک دەگەڕێت کە لەو نامۆبوونە ئەبەدییە ڕزگاری بکات .. بۆ خۆ دەکرێت دواجار خۆشەویستی بتوانێت لەگەڵ زیندەگیدا ئاشتمان بکاتەوە.

# ئەدۆنیس بۆ شێرکۆ بێکەس

و: ئومێد عوسمان

پێموایە ئەو دەمەی شیعر وەردەگێڕدرێت بەهاگەلێک بزر دەکات، بەتایبەتیش ئەوەی پەیوەستە بە شیعر گەرایی و زمانەوانی و مۆزیکەوە، کەوابوو وەرگێڕان جگە لە هزرو وتن هیچمان پێشکەش ناکات، بەڵام ئەگەر وتنیش لە چوارچێوەی وەرگێڕدراودا لێیبنۆڕین ئەوا تایبەتمەندێتی شیعریی لەدەست دەدات.

خوێندنەوەی من بۆ شیعرە وەرگێڕدراوەکانی شێرکۆ بێکەس، کە کەشێکی باڵای شیعریی لەخۆ گرتووە تیایدا لەسەر نائۆقرەیی و تەبایی نێوان لایەنەکان چێبووە، کە بەستوونی دەچێتە نێو بزۆزی شتگەل و جیهانەوە.

ئەم جۆرە کەشە تەنها لای هۆزانڤانە ڕاستەقینەکان هەیە، ئەوانەی ئەفرێنەرن و لەپشت زمانی ڕەسەنی خۆیان و لە زمانەکانی تریشدا ئەم جۆرە کەشە هەیە، بەم واتایەش شێرکۆ بێکەس یەکێکە لە شاعیرانی ڕاستەقینەو مەزن.



# شێرکۆ بێکەس لە خوێندنەوەی یەکەمدا

شەوقی عەبدولئەمیر*

لە کاتی وەرگێڕانی شیعردا، جگە لە شیعر خۆی هیچیدیکە نامێنێتەوە ... ئەمە دەڵێم لەبەرئەوەی چەندین شاعیری گەورەم تەنها لە ڕێگەی تێکستە وەرگێڕدراوەکانیانەوە بینیوە و هیچ تێکستێکم بە زمانە بنەڕەتیەکەی شیعرەکان نەخوێندۆتەوە، لەنێوان ئەو شاعیرانەشدا شێرکۆ بێکەس کە جگە لە زمانی عەرەبی بە هیچ زمانێکی دیکە قەسیدەکانیم نە خوێندۆتەوە، لەو شیعرانەشیدا بە جوانی هەست بە ڕووخساری ڕاستەقینەی شیعری نایاب دەکەیت.

بەدڵنیاییەوە زۆر گوتراوە لەسەر شیعری وەرگێڕدراو، بەناوبانگترینیشیان ئەو قسەیەی گۆتەیە کە دەڵێت وەرگێڕانی شیعر هەڵبژاردنی ژیان و مردنە بۆ ئەو قەسیدەیە، چونکە بڕینی ئاستەنگی زمانێکی دیکە بەڵگەی ئەوەیە کە شیعرە وەرگێڕدراوەکە ڕووخساری تەواوەتی و ڕاستەقینەی شیعری هەیە، یاخود بەپێچەوانەوە کە شیعرەکە لە کاتی وەرگێڕاندا پارچە پارچە دەبێت و هەر لە ڕەحمی دایکیدا دەمێنێتەوەو گەشە ناکات.


ویستم لەم ڕووانگەیەوە بچمە نێو شیعرەکانی (شێرکۆبێکەس)ەوە،چونکە وێستگە گرنگەکانی قەسیدەکانیمان بۆ ڕووندەکاتەوە، بەتایبەت لە کاتێکدا کە من هیچ قەسیدەیەکی ئەم شاعیرەم بە زمانی کوردی نەخوێندۆتەوە و ئەو زمانەش نازانم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توانای ئەوەم هەیە بڕیار لەسەر گەورەیی شاعیرێتی (شێرکۆ بێکەس) بدەم بە بەکارهێنانی زمانێکی دیکەش، چونکە لە کاتی خوێندنەوەی شیعرەکانیدا بە تەواوەتی ڕۆدەچمە نێو قوڵایی تێکستەوە، لێرەدا بەتەواوەتی لەگەڵ ئەو قسەیەی سامیۆل بیکێتام کە دەڵێت: (بە چێژترین شێوازەکانی خوێندنەوە وەرگێڕانە).

شێرکۆ بێکەس لە قەسیدەدا بەدوای شیعردا ناگەڕێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەو قەسیدەیەک دەدۆزێتەوەو پاشان شیعرێک دەنووسێت. ژمارەیەکی زۆر شاعیر هەیە کە لە قەسیدەدا بەدوای شیعردا دەگەڕێت، بەواتایەکی دیکە قەسیدە لای ئەوان گەڕانە بەدوای قەسیدەدا، بەو شێوەیەش ماوەیەکی زۆر دەگەڕێن و لاپەڕەو دیوانەکان پڕدەکەنەوەو ڕەنگە لە کۆتایشدا دەستیان پێی نەگات، یاخود لە باشترین دۆخدا چەند پارچە شیعرێک لێرەو لەوێ دەدۆزنەوە، بەڵام ئەم گەڕانەیان لەسەر شێوازی قەسیدەو دیوانە شیعری تەواوەتی بڵاو دەکەنەوە، هەر بۆیە لەم جۆرە شیعرانەدا دەبینین ڕۆشنبیری و زانست و مێژوو تێکەڵبووە، بەڵام جۆری یەکەم ئەو جۆرەیە کە شاعیر لە ڕاوچییەک دەچێت، کە لە سەرەتادا گرتنی باڵندەکەی بەلاوە گرنگەو کاتێکیش ئەوەی بۆ دەستەبەر دەبێت خستنە سەر وەرەقەی بۆ ئاسان دەبێت ... ئەمانە ژمارەیان کەمەو شیعرەکانیان ڕوون و ئاشکرایەو ڕۆشچۆتە قوڵاییەوە، ئەمەش لەبەرئەوەی قورسی و ناڕەحەتیەک نابینن لە گواستنەوەی وێنا شیعریەکان بۆ زمان، بەمشێوەیە ئەتوانم بڵێم کە شێرکۆ بێکەس یەکێکە لەوانەی کە لەسەرەتادا بەدوای دەستکەوتنی نێچیرەکەیدا دەگەڕێت و هەرکاتێکیش دەستی پێگەیشت بەشێوەیەکی ناسک و جوان دەیکات بە دێڕ دێڕ ... ڕەنگە هەر لەبەر ئەمەش بێت کە وەرگێڕانی شیعرەکانی بۆ سەر زمانەکانی دیکە قورس نییە، لەم ڕووانگەیەشەوە من دڵنیام لەوەی کە هەرچەندە هیچ لە زمانی کوردی نازانم، بەڵام من شیعرە وەرگێڕدراوەکانی شێرکۆ بێکەسم لە دەست نەچووە.

***نووسەر شاعیرێکی گەورەی عیراقییەو زیاتر لە ٩ دیوانی شیعری هەیەو خاوەنی بڕوانامەی ماستەرە لە ئەدەبیاتی بەراوردکاری لە زانکۆی سۆربۆن.**

**تێبینی: ئەم نووسینە بەشێکی ئەو پێشەکییەیە کە ئەو نووسەرە بۆ پێشەکی چاپی عەرەبی دیوانە شیعری شێرکۆ بێکەس (ملوانکە) نووسیویەتی.**

**و: ڕاوێژ کامەران**



**شەوقی عەبدولئەمیر**

ئاسۆ ٧

خاوەنی ئیمتیاز: **دامەزراوەی خەندان بۆ پەخش و وەشاندن** سەرنووسەر: **عارف قوربانی** جێگری سەرنووسەر: **سۆران عەلی** سکرتاریەتی نوسین: **عەتا کەریم، فاروق جەمیل، عەلی سدیق** بەڕێوەبەری هونەری: **توانا عومەر**

**بۆ ڕیکلام** ٠٥٣)٥١١١٠٢٢) - ٠٧٧٠١٩٠٠٥٤٤٣

**ئیمەیڵەکانی ئاسۆ:** hemereng@xendan.org - aso@xendan.org - asopress@yahoo.com

reklam@xendan.org - sport@xendan.org - ferheng@xendan.org - agadari@xendan.org - aburi@xendan.org

نوسینگەکان: **کەرکوک:** ئیسکان. نزیک بارەگای تەلەفزیۆنی کەرکوک ئاسیا: ٠٧٧٠٢٣٨٢٣١٩ - **سلێمانی:** شارێی سالم تەنیشت پردی شەهید خەسرەوخاڵ. هەواڵ: ٠٥٣)٥١١١٠٢٢) - **هەولێر:** .سەرەتای ڕێگای کۆیە بەرامبەر نەخۆشخانەی ڕەسوڵی تایبەت کۆرەک: ٠٧٥٠٤٦٥١٣٢٧ - **گەرمیان:** کەلار. بازاڕی ساری کەلاری فانۆس تیلیکۆم: ٠٧٤٨٠٢٢١٦١٢

ئاسۆی ئەدەب

خەندان
www.xendan.org
7th Year No.: 1468 Tue. 17 / 5 / 2011

بۆ پەیوەندی
aso_adab@yahoo.com

سەرپەرشتیار:
پێشەوا محەمەد

دیزاینەر:
هەژار یەحیا

# بەشێک لە چامەی "ئێستا کچێک نیشتمانمە"

**«دیمەنێکی شانۆیی: شوێن: سەرجادەی سەهۆڵەکە.
کات: سەرلەبەیانی. دوو درەختی سەر شۆستەکە بەتەنیشتی یەکەوە.
لەولایشەوە پیاوێکی کەتەی چەکدار. دوورتریش کۆمەڵێک گەنج ڕاوەستاون».**

یەکەم درەخت ڕووئەکاتە دووەم درەخت:
تۆ ئەو وێنەکێشەت ئەناسی؟
دووەم درەخت: ئەی چۆن! کەم ڕۆژ هەبوو، ئەگەر ئاوو
هەوا خۆش بووبێ، سەرلەئێواران، نەهاتبێتە لامەوەو
دەستێکیشی نەخستبێتە سەر شانم!
یەکەم درەخت: ئەی ئەزانی ئەمڕۆ چییە؟!
دووەم درەخت: ئەمڕۆ ساڵیادی کۆچی سووری ئەوە!
یەکەم: لە مامزێکی سپی ڕۆح سووک ئەچوو!
دووەم: بەڵام خۆی سەوز بوو.
یەکەم: ئەزانی لەبەردەمی مندا کەوت .. ئەی تۆ ئاگات لێنەبوو؟!
دووەم: من چاوم لێنەبوو. لەوکاتەدا نیشتمان دروشمێکی پیا
هەڵئەواسیم!
یەکەم: ئەی وێنەکانت دیبوو؟
دووەم: هەندێکیان. چەندجارێك لەبەرچاوی من
تابلۆکانی نیشانی هاوڕێکانی ئەدا .. ئەمە بەرلەوەی
لەدوایدا لە مۆزەخانەکەی ئەوبەرەوە پێشانگایان
بۆ بکاتەوە!
یەکەم: جاربەجار وێنەی ئێمەشی ئەکێشا.
دووەم: بەڵام وەك‌و وێنەکێشە کۆنەکان نا. ئەو وێنەی
ڕۆحمانی ئەکێشا نەك ڕواڵەتمان.
یەکەم: ڕاستە. ڕۆژێك نیشتمان لای منەوە ڕاوەستابوو.
ئەیوت: من لەو وێنانە تێناگەم.
دووەم: ئینجا ئەو لەچی ئەگات!
یەکەم: وا خۆیشی بەرەو ئێرە هات (نیشتمان لەشێوەی پیاوە
کەتەو چەکدارەکەدا دێتە لایانەوە ئەوەستێ)
نیشتمان: ئەوە چییە وا سەرتان ناوە بەسەری یەکەوە؟
یەکەم: باسی ئەو وێنەکێشە ئەکەین کە لە ڕووداوێکی شومی
ئۆتۆمبێلدا لێرەدا کەوت بە دەمدا
نیشتمان: ئا .. ئا .. شتێکی وام لەبیرە!
دووەم: ئەتناسی؟
نیشتمان: ئەیچۆن .. ئەیچۆن .. سەردار سەوز ناڵێن؟
یەکەم: (پێئەکەنێ) دەفەرموو! سەرداری چی؟! سەروەت ..
سەروەت
نیشتمان: ئا .. ئا .. ببوورن .. بەڕاستی ئەوەندە سەرم قاڵە
خەریکم ناوی خۆیشم بیرئەچێتەوە
دووەم: ئەی وێنەکانیت دیبوون؟! بەلاتەوە چۆن بوون؟!
نیشتمان: بەڕاستی زۆر کەم. بەڵام من تێیان نەئەگەیشتم.
(بە پێکەنینەوە) جارێکیان وێنەی پیاوێکی پیشاندام سێ
دەمو چاوی هەبوو .. ئاخر مرۆڤ چۆن سێ دەمو چاوی
هەیە؟!
ها .. وا نییە؟!
دووەم: بۆ نا؟! ئێمە ڕۆژانە تۆ ئەبینین لە سێ چوار
دەمو چاو زیاتریشت هەیە!
یەکەم: ئەمە ڕاستە. من ئەو ڕۆژە لە کردنەوەی
بازاڕێکی گەورەدا تۆم بینی چوار دەمو چاوت هەبوو
دەمو چاوێکی کوردیو یەکێکی تورکیو یەکێکی فارسیو
یەکێکی عەرەبی.
نیشتمان: شتی وا نییە. ئەوە هەر چاوی ئێوە وام ئەبینێ!
دووەم: ئەو ڕۆژە هەر لێرەدا بوو باسی بەڵێندەرێکی
دەوڵەمەندی ئەم شارە کرا .. تۆ ناوی خۆیو باو و
باپیریو ڕەچەڵەکیت هەر هەمووی ئەزانیو لەبەرت بوون.
تەنانەت ناوی دایکیو نەنکی نەنکیشی .. کەچی ..
یەکەم: (بۆی تەواو ئەکات) کەچی ناوی شەقامێکی
گەورەی ناو دنیای هونەری ئەم شارە نازانی؟!
نیشتمان: (ئەشڵەژێ) سەرقاڵیی .. سەرقاڵیی .. ببوورن
ببوورن .. من ئەبێ بڕۆم .. چونکە تۆزێکی تر پێویستە
بەردی بناغەی «کۆمپانیای ئازادی» دابنێم! (ئەڕوات)
دووەم: توخوا ئەمە نیشتمانە؟! یان مقاویل؟!
یەکەم: باشتر با بڕوات!
دووەم: ئای کە ڕۆژێکی غەمگینە .. ڕۆژێکی ڕەنگ
خۆڵەمێشیی ..
یەکەم: چ زیانێکی گەورەبوو؟! بۆ ئەم شەقامەو
بۆ ئێمەو بۆ هونەرو بۆ جوانیو بۆ هەموو دنیایش!
دووەم: ئەی ئێمە ئەمڕۆ چی بکەین؟!
یەکەم: سەرلەئێوارەو هەر لێرەدا .. ساڵیادێکی گەورەی
بۆ ئەگێڕین .. ئەو گەنجانەیش هەرهەموویان .. لەگەڵمانن ..
دووەم: من بەنیازم پەخشانێکی بە گەڵا وەریوەکانم بۆ بنووسم!
یەکەم: من شیعرێکم بۆ نووسیوە .. درێژ نییە .. ئەگەر
بێزارت نەکەم هەر ئێستا حەزئەکەم بۆت بخوێنمەوە!
دووەم: بە گوێچکەی هەموو گەڵاو پژوپۆیەکم گوێت
بۆ دەگرم.
یەکەم: «شیعرەکەی ئەخوێنێتەوە. گەنجەکانیش دێنە
لایەوەو ئەوانیش گوێ ئەگرن».

**شێرکۆ بێکەس**

